Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.2024.1105

# سینتاپراگماتیکی ڕستەی پرس لە زمانی کوردیدا

**عومەر مەحمود کەریم**

بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان – عێراق

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received: | November, 2023 |
| Revised: | November, 2023 |
| Accepted: | December, 2023 |

**Keywords**

ڕستە، پرس ، کەرەستە ، مەبەست، پراگماتیک، کردەی قسەیی

**Corresponding Author**

omar.mahmood@koyauniversity.org

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە بۆ ڕستەی پرس لە زمانی کوردیدا ـ کوردی ناوەندی ـ تایبەتکراوە، و لە سنووری سینتاکس و پڕاگماتیک لە بابەتەکە توێژراوەتەوە، چونکە پرس وەک هۆکار و ئەرکێکی دەربڕین و زمان لە ئەم لایەنەوە توێژینەوەی کەمی لە بارەوە کراوە، تایبەت لە ڕوانگەی تیۆری کردە قسەییەکانەوە، ئەوەی کراوە زۆرتر لایەنی سینتاکسییان خستووەتەڕوو، و هەندێکجاریش پێویستی بەوە کردووە ئاوڕ لە لایەنی فۆنۆلۆژی (ئاواز) و مۆرفۆلۆژی بدەنەوە، بەڵام ئەم باسە هەوڵێکە بۆ دەرخستن و لێکدانەوەی ئەو یاسا و بنەما گشتییانەی حوکم دەکەنە سەر پێوەندیی نێوان قسەکەر و گوێگر، یا دەوروبەری گوتن، چونکە پرس جگە لە بەدەستهێنانی زانین و پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی زانین، ڕۆڵی گرنگ لە گەیاندنی واتا و مەبەستی نێرەر و بیروبۆچوونە جیاوازەکانیدا دەبینێت، و چۆنیەتیی بەرهەمهێنانی ئەم جۆرە ڕستەیەش لە ئاوەز و سەلیقەی قسەپێکەرانی زمانەکەدا، بە بارودۆخ و دەوروبەرە جیاوازەکانەوە دەبەسترێتەوە، کە هەر دەربڕراوێکی تایبەت دەیهێنێتەئاراوە.

هێڵە سەرەکییەکانی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە سوودوەرگرتن لە میتۆد و توێژینەوەی شیکەرەوەی پەسنکەرانەیە. ئامانجەکانیش وایخواستووە جگە لە پێشەکی، کە سەرەتایەکە بۆ چوونە نێو باسەکەوە، بەپێی پلانێک بۆ دوو بەش دابەشبکرێت: لە بەشی یەکەم ڕۆشنایی خراوەتە سەر توێژینەوەی سینتاکسی ڕستەی پرس، و بەشی دووەمیش بۆ دیاریکردنی هەندێ لە مەبەست و واتا پڕاگماتیکییەکانی پرس لەسەر بنەمای تیۆری کردە قسەییەکان تەرخانکراوە. لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا ئەنجامە بەدەستهاتووەکان و سەرچاوە سوودلێوەرگیراوەکان، لەگەڵ پوختەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕوو.

## پێشەکی:

دەمێکە زمانی کوردی و دروستە و بنەماکانی گرنگییان پێدراوە و توێژینەوەیان لە بارەوە کراوە، بەڵام ئەم گرنگیدانە زۆرتر لە ڕووی ڕێزمانییەوەبوو، و کەمتر خۆیان لە واتا و مەبەستگەیاندن داوە. ڕستەی پرس وەک جۆرێکی ڕستە و شێوازێکی دەربڕینی زمانی خۆی لە نێوان دوو ڕاستیدا دەنوێنێت، دەربڕینێکی ڕاستەوخۆ، بریتییە لە وەرگرتنی زانیاری و تێگەیشتن لە بارەی بابەت و شت و کەسێکەوە، کە لای قسەکەر/ پرسکەر نەزانراوبێت، لەگەڵ دەربڕینێکی ناڕاستەوخۆ، کە نەبوونی ڕێککەوتنە لە جۆر و فۆڕمی ڕستەکەدا، واتە مەرج نییە پرسیارکردن هەر لە بارەی شتێکی نەزانراو یا نەزانین بێت، بەڵکو هەندێکجار وا پێویست دەکات پرسیارکردن لە بارەی زانراوێکەوەبێت، کە ئەمەش لە سنووری سیمانتیک، واتە (واتای وشە + کاریگەری ڕێزمانی) لێکنادرێتەوە، بەڵکو لێکدانەوەی بەپێی دەوروبەر و زانیاریی دونیایی و هاوبەشی قسەکەر و گوێگر دەبێت. بۆیە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدرێت دوای نیشاندنی ڕستەی پرس و جۆر و تایبەتمەندییەکانی لە ڕووی سینتاکسەوە، هەندێ لە گرنگترین واتا و مەبەستەکانی دیکەی ڕستەی پرس بەپێی بنەمای تیۆری کردەقسەییەکان بخرێنە بەر باس و توێژینەوە، دیارە کارکردن لەم فۆڕمانەدا کارکردنێکی پڕاگماتیکییە، چونکە ئەمانە پێوەندییان بە دەوروبەر و مەبەستەکانەوە هەیە، و واتا لێکدانەوە تێیاندا بوونی هەیە، و ئەو بەکارهێنانە پێوەندیی بە یەکە یەکەی کەرەستە پێکهێنەرەکانیانەوە نییە، چونکە بیر و مەبەستێک دەگەیەنن، کە بە تەواوی لە فۆڕمەکەی جیادەبێت.

### ٠ . ١: هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە

هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، ئەو توێژینەوانەی پێشتر لە بارەی ڕستەی پرسەوە کراون زیادتر لایەنی سینتاکسی ـ و سیمانتیکییان گەیاندووە، و کاریان بۆ ناساندن و پۆلکردن و دەستنیشانکردنی تایبەتیەتیی بابەتەکە کردووە، کەمتر هەوڵدراوە لایەنی پڕاگماتیکی ڕستەی پرس بخرێتەڕوو، کە فۆڕمە ناڕاستەوخۆیەکان بەپێی دەوروبەرە جۆراوجۆرەکان ڕۆڵی تێدادەبینن، بۆیە ئەوەی لەم بابەتەدا مەبەستە، کارکردنە پڕاگماتیکییەکەی ڕستەی

پرسە بەپێی تیۆری کردەقسەییەکان، چونکە وەک ئەوەی بزانرێت لەم ڕووەوە کاری سەربەخۆ دەگمەنە ئەمە لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە فرەوانی بابەتی پرس و زۆری بەکارهێنانی، و تێکەڵکردنی هەندێک لایەنەکانی بە بابەتەکانی دیکەی وایکرد ئەم بابەتە هەڵبژێردرێت.

### ٠ . ٢: سنوور و کەرەستەی توێژینەوەکە

توێژینەوەکە بە زاری کوردی ناوەندی، کە ڕێچکەی ستانداردبوونی وەرگرتووە نووسراوە، نموونە و کەرەستە بەکارهاتووەکانیش لە زمانی ڕۆژانەی قسەپێکەران و سەرچاوە بەکارهاتووەکانی ئەنجامدانی توێژینەوەکەوە وەرگیراون.

### ٠ . ٣: ئامانجی توێژینەوەکە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ناساندن و شیکردنەوەی سینتاپراگماتیکیانەی ڕستەی پرس و بنەماکانی کارکردنیەتی بە تایبەت لە دروستەی ڕستەی سادەدا، کە تێیدا پشتبەست بە یاسا جیهانییەکانی بواری سینتاکس و پراگماتیک، هەوڵدراوە دەستنیشانی پێوەندیی نێوان فۆڕمی دروستە سینتاکسییەکان و واتا و مەبەستەکانیان پەیوەست بە دەوروبەر و بەکارهێنانەوە بکرێت، و واتا و مەبەستە گەیەنراوەکانیان ئاشکرابکرێت.

### ٠ . ٤: گرینگیی کارەکە

گرنگیی ئەم توێژینەوە لەوەدایە، کە ئەم لایەنە لە زمانی کوردیدا کەمتر باسکراوە، هەروەها تارادەیەکی باش ئەوە دەردەخات کە بۆچی لە هەندێک باردا قسەکەر لە دەربڕاوەکانیدا دەتوانێت مەبەستێک بگەیەنێت، کە جیاوازە لە فۆڕمی ڕستەکە بەپێی دەوروبەری گوتنەکە، واتە کارەکە دەبێتە هەوڵێک بۆ خستنەڕووی ئەو پێوەندی و واتایانەی، فۆرمەکانی زمان و ڕێزمانی کوردی لە ڕستەی پرسیدا لەخۆیدەگرن بەپێی دەوروبەر.

### ٠ . ٥: میتۆدی توێژینەوەکە

بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوە و هێنانەدی ئەنجامە خوازراوەکان، کە لە ژێر ناونیشانی (سینتاپراگماتیکی ڕستەی پرس لە زمانی کوردیدا)یە، میتۆدی نووسینەوەی بابەتەکە، ڕێبازی شیکاری پەسنی (وەسفی) پێڕەوکراوە، لە ڕێگەیەوە سینتاکس و پراگماتیکی ڕستەی پرس شیکراوەتەوە و پەسنکراوە، وەک دیاردەیەکی زمانەوانی و زانستی زمان، دواتریش بەپێی پێویستی بابەتەکان نموونەیان بۆ هێنراوەتەوە.

### ٠ . ٦: گیروگرفتی توێژینەوەکە

هەر هەوڵ و کارێکی زانستی لە کاتی ئەنجامدانی چەندین گرفت دێنە ڕێگەی، لە گیروگرفتە سەرەکییەکانی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەش فرەوانی بابەتی توێژینەوەکە بەپێی دەوروبەرەکان بوو، لەگەڵ یەکنەبوونی زاراوە زانستییەکان.

### ٠ . ٧: پرسیار و گریمانەی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە بە دوای وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێکدا دەگەڕێت، وەک:

ڕستەی پرس ڕۆڵی لە گەیاندنی واتای پراگماتیکیدا هەیە یا نا؟ ئەو واتا و مەبەستانەی دەربڕاوە پرسەکان، کە جگە لە ئەرکە ڕاستەقینەکەی خۆیان کە بەدەستهێنانی زانینە دەیگەیەنن کامانەن؟ بە گوتەیەکی دیکە لە ڕێکخراوەی پێکهێنەرەکانی ئەو دروستانەدا چەند واتا و مەبەستی پراگماتیکی دیاریدەکرێت؟

### ٠ . ٨: ستراکچەری توێژینەوەکە

بۆ دەستەبەرکردنی ئەم بنەمایانەی پێشوو، یاخود هێنانەدی ئامانجەکان سروشتی کارەکە وایخواستووە جگە لە پێشەکی و پوختەی توێژینەوەکە، کە سەرەتایەکن بۆ چوونە نێو باسەکەوە، بەپێی پلانێک دابەشی سەر دوو بەش بکرێت، لەگەڵ تۆمارکردنی ئەنجامە بەدەستهاتووەکان، و ڕیزکردنی ئەو سەرچاوانەی بۆ بە ئەنجامگەیاندنی ئەم توێژینەوەیە سوودیان لێوەرگیراوە.

**بەشی یەکەم:** ئەم بەشە بە ناونیشانی (ڕستەی پرس و جۆرەکانی لە زمانی کوردیدا)یە، کە دوو تەوەرە لە خۆدەگرێت: تەوەرەی یەکەم بۆ (دەروازەیەک بۆ پرس و تایبەتمەندییەکانی) تەرخانکراوە، کە تێیدا لە هەریەکە لە چەمک و زاراوە و پێناسەی و کەرەستە و تایبەتمەندییەکانی پرس، لەگەڵ بنەماکانی ڕۆنانی پرس خراونەتە بەر باس، لە تەوەرەی دووەمیشدا لە ژێر ناونیشانی (جۆر و شێوازی پرس)دا، هەریەکە لە جۆرەکانی ڕستەی پرس لە ڕووی چۆنیەتیی دروستبوون و ناوەڕۆک و شێوازی ئاراستەکردنەوە ڕوونکراونەتەوە.

**بەشی دووەم:** ئەم بەشە زۆرتر لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکەیە، بۆ (شیکاری پراگماتیکییانەی ڕستەی پرس لە زمانی کوردیدا) تەرخانکراوە، و دوو تەوەرە لەخۆدەگرێت:

تەوەرەی یەکەم: بۆ (پوختەیەک لە بارەی تیۆری کردەقسەییەکانەوە) تایبەتکراوە، کە هەوڵدراوە لە تیۆری کردەقسەییەکان و کردەکانی گوتن و کەڵک و سود و جۆرەکانی کردەقسەییەکان ڕوونبکرێتەوە، لە تەوەرەی دووەمیشدا (ڕستەی پرس وەک کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ)یە، کە هەندێ لەو واتا پراگماتیکییانەی ڕستەی پرس بە هۆی دەوروبەرەوە دەیگەیەنن بە نموونە و ڕوونکردنەوەی پێویستەوە نیشاندراون.

## بەشی یەکەم

## ڕستەی پرس و جۆرەکانی لە زمانی کوردیدا

### ١ . ١: دەروازەیەک بۆ پرس و تایبەتمەندییەکانی

هەر جۆرە بەکارهێنان و دەربڕینێکی زمان چەمک و تایبەتمەندیی خۆی هەیە، و لە کۆمەڵێک ڕوانگە و بۆچوونی جۆراوجۆرەوە پێناسەکراوە و لە توێژینەوە و کارە زانستییەکانیشدا زیادتر لە زاراوەیەکی بۆ بەکارهاتووە، بۆیە لەم تەوەرەیەدا جەخت لە بارەی چەمک و زاراوەی پرس و چۆنیەتیی پێناسەکردن و گرنگترین تایبەتمەندی و کەرەستەکانی دەکرێتەوە، و هەوڵدەدرێت بەپێی بۆچوونی ڕێزماننووسان و ئەو توێژینەوانەی لە بارەیانەوە ئەنجامدراون بە گوێرەی پێویست و سنووری توێژینەوەکە بخرێنەڕوو.

#### ١ . ١ . ١: چەمک و زاراوەی پرس

به سەرنجدانی کارە ڕێزمانییەکان دەردەکەوێت جگە لە زاراوەی (پرس) کۆمەڵێک زاراوەی دیکەی، وەک (پرسیارکردن) و (پرسیار) و (پرسکردن) بەکاردەهێنرێن، کە هەموویان لە چاوگی (پرسین)ەوە ڕۆنراون، لە بەرانبەریشدا لەزمانەکانی دیکەدا زاراوەی تایبەت هەیە، بە جۆرێک لە زمانی عەرەبیدا زاراوەی (الاستفهام) و لە ئینگلیزیشدا زاراوەی (interrogative) بەکاردەهێنرێت (مارف، ٢٠١٤: ١٣٨)، هەروەها لە ئینگلیزیدا (question)یش هەیە، بەڵام ئەمەیان زۆرتر وشەیە، هەرچی (interrogative)ە بووە بە زاراوەیەکی سینتاکسی- بۆ جۆرێک لە جۆرەکانی ڕستە لە ڕوانگەی واتاوە (Huddlestom, 1994 : 412)، بەم شێوەیە:

ـ لە ڕووی وشەییەوە، (پرس) مەبەست لە ((وتەیێ کە جوابی گەرەکە)) (هەژار، ١٣٦٩: ١٠٦).

ـ لە ڕووی زاراوەییشەوە، مەبەستی بەکارهێنانی ئەم زاراوانە بۆ کردەی پرس یاخود بەدەستخستنی زانینە، کە ((ئەرکی سەرەکی ڕستەیە و کتوتومت پێچەوانەی ئەرکی زانیاری و هەواڵدانە. لەم ئەرکەدا زانیارییەکە لە مێشکی گوێگر (یا خوێنەر)دایە و قسەکەر (یا نووسەر) داوای دەکا)) (ڕەسوڵ، ٢٠١٤: ٤٩)، واتە ئەو کردە دیاریکراوەیە، کە بە هۆیەوە قسەکەر گوێگرێک دەکاتە سەرچاوەی زانینەکانی، و بە هۆیەوە نەزانینی خۆی بەرانبەر بە دیاردەیەک یا بابەتێک پردەکاتەوە، بە شێوەیەکی دیکە پرس ((بریتییە لە داواکردنی، یا وەرگرتنی هەواڵ و زانیاری و تێگەیشتنە لە بارەی شتێک، یان کەسێک یان ڕووداوێک، کە پێشتر لای قسەکەر/ پرسیارکەر نەزانراوبێت)) (عەلی، ٢٠١٤: ١٣٧) .

لەمەوە دەردەکەوێت، هەر بەکارهێنانێکی زمانی بە مەبەستی بەدەستهێنانی زانین بەکاربهێنرێت، یاخود لە فۆرمی پرسدابێت، ئەوا ئەم کردە قسەیە (پرس)ی پێدەگوترێت، و لە زمانەکانی جیهاندا گۆڕانی بەسەردادێت، واتە لەهەر زمانێکدا چەمک و زاراوەی جیای بۆ بەکارهێنراوە، و شێوازی تایبەتی خۆی لە ڕۆنان و دەربڕینیدا هەیە، بۆیە دەکرێت بگوترێت: ئەو دەربڕین و بەکارهێنانەی زمانە، کە لە بارەی زانین و هۆشەوەیە، و بە گشتی مەبەست لێی دەستکەوتنی زانینە، کە بە چەندین شێواز و ڕێگای دیاریکراو لە زماندا بەرهەمدەهێنرێت و بەکاردەبرێت، و لە ڕێگای تایبەتمەندیی دیاریکراوەوە دەناسرێتەوە، هەروەها کەرەستە و پێداویستیی تایبەت بەشداری لە ڕۆنانیدا دەکات.

### ١ . ١ . ٢: پێناسەی ڕستەی پرس

ڕستەی پرس یەکێکە لە جۆرەکانی ڕستە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، و بەکارهێنانی لە ژیانی ڕۆژانەدا زۆرە، هەر ئەم بەکارهێنانەش وایکردووە زۆربەی ڕێزماننووس و زمانەوانان قسەی لەبارەوە بکەن و پێناسەی بۆ بکەن، پێناسەکانیشیان لە زۆر ڕووەوە لە یەکدییەوە نزیکن، بەڵام هەر جیاوازییان تێدەکەوێت، ئەمەش بەپێی سەردەم و ئەو ڕۆشنبیرییەی نووسەرەکان پێیەوە کاریگەربوون، یاخود هەر هۆکارێکی دیکە بێت، لێرەدا بەپێی پێویستی و سنووری بابەتەکە هەوڵدەدرێت چەند پێناسەیەک بخرێتەڕوو:

(کوردستان موکریانی) لە بارەی ڕستەی پرسەوە گوتویەتی: ((ئەو ڕستەیە کە بە هۆی هێز، یان بە هۆی جێنێوی پرسەوە دەردەبڕدرێت، بۆ زانینی مەبەستی قسەکەر)) (١٩٨٦: ٦١)، ئەم پێناسەیە لەوەدا تەواوە، کە پێیوایە بۆ زانینی مەبەستی قسەکەرە، و لەوەشدا کەموکوڕی هەیە کە لە پێناسەکەدا ئاماژەی بە ئاوازەی ڕستە نەداوە، بەڵکو باسی لە هێز کردووە، کە لە ڕاستیدا هێز تایبەتە بە وشە و ئاواز لە ڕستەدا دەردەکەوێت، هەروەها کەرەستە پرسەکانیشی بە جێناو داناوە.

لە تێڕوانینی (ئەورەحمانی حاجی مارف)یشەوە ڕستەی پرس و ((پرسیارکردن بە گشتی بە مەبەستی دەستخستنی ئەو زانیارییە بەکاردێت، کە ئاخێوەر نایزانێت و بە هۆی پرسیارکردنەوە دەیەوێت کەلێنێ یان چەند کەلێنێ لە زانیاری خۆی پڕبکاتەوە)) (٢٠١٤: ١٣٨) ئەم بۆچوونەش تارادەیەک بۆ ڕستەی پرس گونجاوە، بەڵام نووسەر جەختی تەنیا لەسەر فۆرمی ڕستەکە کردووەتەوە و پێیوایە هەمیشە ڕێککەوتن لەگەڵ جۆری ڕستەکە و مەبەستەکەیدا هەیە، بەڵام ڕستەی پرس بۆ زۆر مەبەستی دیکەش بەکاردەهێنرێت، کە دەستخستنی زانیاری نییە، بە گوتەیەکی دیکە ڕستەی وا هەیە، ئەگەرچی لە ڕووی فۆرمەوە پرسە، بەڵام ناوەڕۆک و مەبەستێکی دیکەی هەیە، وەک ئەوەی دەگوترێت:

ـ دەستت دەگاتە مۆبایلەکە؟

ئەم ڕستەیە ئەگەرچی لە فۆرمدا پرسە، بەڵام مەبەست لێی داواکاری و هێنانی (مۆبایل)ەکەیە، بۆیە دەردەکەوێت جگە لە بەکارهێنانی شێوازی پرسیار بە واتا دروستەکەی، لە توانایدایە بۆ شێوازی (لادراو ـ خواستراو)یش سوودی لێببینرێت.

لە تێڕوانینێکی دیکەدا گوتراوە: ((بەو ڕستانە دەگوترێت کە قسەکەر بۆشاییەکی لە زانیاریەکانی هەیە بەو واتایەی قسەکەر شتێک نازانێت یان لای ڕوون نییە بۆیە بە هۆی پرسکردنەوە زانیاریەکانی دەست دەکەوێت)) (خۆشناو، ٢٠١٢ :٣٢) ئەوەی لەم پێناسەیەدا جێگەی سەرنج بێت ئەوەیە، کە نووسەر تەنیا ئامانج و مەبەستەکەی دیاریکردووە، و هیچ باسی لە کەرەستە و چۆنیەتیی ڕۆنانی نەکردووە.

لە کۆی ئەو پێناسە و ڕوونکردنەوانەی پێشوەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی بڵێین: ڕستەی پرس جۆرێکی ڕستەیە لە ڕووی واتا و ناوەڕۆکەوە، کە ئەرکێک لە ئەرکە دیارەکانی زمان جێبەجێ دەکات، ئەویش بە دەستخستنی زانینە، کە لە ڕێگای تایبەتییەوە بە بەکارهێنانی ئاواز یان بە هۆی کەرەستەی پرسەوە، بە چەندین شێواز و جۆری تایبەتی بە هۆیەوە قسەکەر پرسیار لە کەسی بەرانبەر و گوێگر دەکات، جاری واشە ئەم پرسیارکردنە بۆ مەبەست و ئامانجێکی دیکە ئاراستەدەکرێت، بۆ ناسینەوە و چەسپاندنی جۆرەکەشی لە نووسیندا لە کۆتایی ئەم جۆرە ڕستەیەدا نیشانەی تایبەتی پرس [؟] دادەنرێت.

### ١ . ١ . ٣: کەرەستە و ئامرازەکانی پرس

لە ڕووی زاراوەوە کەرەستە و ئامرازەکانی پرس لە زمانی کوردیدا چەندین وشە و دەستەواژەیان بۆ بەکارهێنراوە، بەپێی چۆنیەتی دەرکەوتن و ئەو پرسەی دەیکەن، بە جۆرێک لە ژێر ناوەکانی [بۆناوی پرس، جێناوی پرس، ئاوەڵناوی پرس، ئاوەڵکرداری پرس، ئامرازی پرس و وشەی پرس ... تاد. ] باسکراون (لیژنەی زمان و زانستەکان، ٢٠١١: ٥٩ ـ ٦٠)، و هەریەکێک لەم ناونیشانانەش وادەکات، کە تایبەتمەندیی و پێناسەی خۆیان هەبێت، لێرەدا دەکرێت هەموویان لە ژێر ناوی (کەرەستە و ئامرازی پرس)دا کۆبکرێنەوە بگوترێت: مەبەست لە کەرەستە و ئامرازەکانی ((بریتین لە کۆمەڵێک وشە کە بە مەبەستی پرسکردن بەکاردەهێنرێن و هەریەکە لەو وشە پرسانە بۆ مەبەستێکی جیاواز پرسیان پێدەکرێت)) (ساڵح، ٢٠١٧ : ٦٣)، کەواتە کەرەستەکانی پرس ئەو هۆیانەن کە بۆ گەیاندن و دروستکردنی مەبەستی پرس بەکاردەهێنرێن، چ لەزمانی قسەکردندا بێت یان نووسیندا، و لە ڕستەدا بە شێوەیەکی سەربەخۆ دەردەکەون، بەپێی هاتنیان لەڕستە و بەکارهێنانیان لە ئاخاوتنەکاندا مەبەست و چەمکی جیاجیا بە دەستەوەدەدەن.

لە پێناسە و تێروانینێکی دیکەدا گوتراوە: ئەو کەرەستانە ((بۆ پرسیارکردن و وەرگرتنی زانیاری لەبارەی (کات و کەس و شت و شوێن و چۆنیەتی شت و کەس ، هەروەها بۆ وەسفکردن و دیاریکردن و جیاکردنەوەی کەس وشت لە ناو کۆمەڵێکدا ... لەگەڵ چۆنیەتی و چەندیەتی و هۆی ڕوودانی کار و کردەوەیەک) لە ڕستەدا دەردەکەون)) (حەمەئەمین و ڕەشید،٢٠١٥ :٥٠) و بەکاردەهێنرێن، لە ڕێگای ئەم تایبەتییانەوە دەناسرێنەوە:

١. بۆ پرسکردن بەکاردەهێنرێن و ڕستەی پرس دروست دەکەن.

٢. لە هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆژی و سینتاکسدا ڕۆڵدەبینن، لە مۆرفۆلۆژیدا دەبنە هۆی وشەپێکهاتن، وەکو: [هەرکێ ، هەرکام، چۆنیەتی، چەندیەتی، ...]، هەروەها ئامراز و کەرەستەی دیکە وەردەگرن و فرێز پێکدەهێنن، وەکو: [لە کوێ ، بۆچی ، بە کێ، ...].

٣. دەبنە جێگرەوەی بەشە ئاخاوتنە جیاجیاکانی [ناو، ئاوەڵناو ، ئاوەڵکار] (شوانی، ٢٠١٤: ٧٤-٧٥)

٤. بەشداری لە دروستکردنی ڕستەی پرسی تایبەتدا دەکەن، واتە هەر ڕستەیەک ئەو کەرەستانەی تێدابێت، پێی دەگوترێت: ڕستەی پرسی تایبەت.

٥. ئەم کەرەستانە لە هەر ڕستەیەکدا دەربکەون، جگە لە [ئایا] داوای ڕوونکردنەوە و زانین لە وەڵامی گوێگردا دەکەن، واتە بە (بەڵێ و نەخێر یا ئا و نەء) وەڵامنادرێنەوە.

٦. کەرەستەی پرسی [کوا/ کوانێ] خۆی جێگرەوەی کردارە و دەتوانێت لە دوای خۆی کردار نەیەت، لە پێکهاتەی ڕستەدا، بۆ نموونە:

- کتێبەکەم کوا/ کوانێ؟ - کوا/ کوانێ کتێبەکەم؟

٧. کەرەستەی پرسی [چۆن]، کە پرسیاری پێ لە چۆنیەتی دەکرێت، دەشێت لە وەڵامدانەوەشدا بەکاربهێنرێت، کە بۆ جەختکردن و سووربوون لە بارەی ئەرێنی وەڵامەکەیە، بۆ نموونە:

- خانووەکەی ناکڕیت؟ - چۆن نایکڕم. ئەی چۆن دەیکڕم.

٨. وشەی [کێ]تاکە وشەی پرسە کە بۆ مەبەست و ئەرکی جیاواز دەتوانێت دووبارەببێتەوە ، بۆ نموونە:

- کێ لە کێی بردەوە؟

لەم ڕستەیەدا [کێ]ی یەکەم ڕۆڵی بکەر و دووەمیان لە نێو پێکهاتەی فرێزی بەنددایە (سالح، ٢٠١٧: ٦٤)

ژمارەی ئەو کەرەستانە لە زمانی کوردیدا لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە دەگۆڕێت، یاخود لە گەڕان و پشکنینی دیالێکت و بەشە دیالێکتەکانی زمانی کوردیدا چەند دەستەیەکی کەرەستەی پرس دێنەپێشچاو (مارف،٢٠١٤ :٢٦٩)، لێرەدا بەپێی سنووری توێژینەوەکە ئاماژە بە هەندێ لە کەرەستەکانی پرس لە زاری کوردی ناوەندی دەدرێت، و مەبەستی بەکارهێنانیشیان ڕووندەکرێتەوە:

- کێ:

ئەم کەرەستەیە ((پرسیاری پێ لە کەس ئەکرێ)) (ئەمین، ٢٠١٥:١١٠)، واتە بۆ پرسکردن و ئاشکراکردنی ئەو کەسەی کار و کردەوەیەکی کردووە، یان دەیکات ، یاخود سیفەتێکی دراوەتە پاڵ یان دەدرێتە پاڵ، بۆ نموونە:

- کێ بە ئازادی وت بڕۆ؟ - کێ یەکەمی پۆلەکەیە؟

لە نموونەی یەکەمیاندا (کێ) بۆ پرسکردن لە بارەی ئەو کەسەوە کراوە کە بە (ئازاد)ی گوتووە بڕۆ. لە دووهەمیشیاندا (کێ) بۆ پرسکردنی ئەو کەسەیە، کە لە ئێستادا یەکەمی پۆلەکەیە.

- چی/چ:

هەریەکە لە [چی] و [چ] مۆرفی هەمان مۆرفیمن، و لە ناو شار و دەوروبەری سلێمانیدا بە زۆری فۆڕمی (چی) بەکاردەهێنرێت (حەمەئەمین و ڕەشید، ٢٠١٥ :٥٠)، و بۆ پرس لە هۆی ڕووداوێک یان شتێک بەکاردەهێنرێن (مارف،٢٠١٤ :٢٧١)، هەروەک لەم نموونانەدا دەردەکەوێت:

- خانووەکە بە چی ڕووخا؟ - وێنەی چ دەکێشیت؟

لە نموونەی یەکەمیاندا [چی] بۆ پرسکردنن لە هۆکاری ڕووخانی (خانووەکە) هاتووە. لە نموونەی دووەمیشدا [چ] بۆ پرسی ئەو شتە هاتووە، کە وێنەی دەکێشرێت.

هەندێکجاریش پرسیاری پێ لە ئاژەڵ و گیاندارەکان دەکرێت، بۆ نموونە: دەنگی چی خۆشە؟ دەنگی بولبول

دەنگی ئەم بولبولە خۆشە؟ دەنگی چی خۆشە؟

- کام/ کامە/ کامیان/ کامەیان

هەریەکە لە فۆرمەکانی [کام ، کامە ، کامیان ، کامەیان] لە زمانی کوردیدا یەک واتایان هەیە، پرسیاریان پێ لە جیاکردنەوە و هەڵاوێرکردنی کەس و شت لە ناو کۆمەڵێ هاوڕەگەزی خۆیان دەکرێت (حەمەئەمین و ڕەشید، ٢٠١٥ :٥٠)، بە واتایەکی دیکە بۆ هەڵبژاردن بەکاردەهێنرێن لە نێوان دوو دانە یان زیادتردا جا ئەو دانانە هەر شتێک یان هەر کەسێک یان هەر سیفەتێک یان هەر کارێکبن، بۆ نموونە:

- نامەکەت بە کامیان نووسی؟ - کام کارەم بۆ دەکەیت؟
- تۆ من بە کامەیان دەناسیتەوە؟ - کامە پێنوسەت هەیە؟

لەم نموونانەدا [کامیان] بۆ پرسیارکردن لەو کەسە بەکارهاتووەکە کە نامەکەی پێنووسراوە، هەرچی [کام]یشە، ئەوا پرسی پێ لەو کارە کراوە کە بۆ من دەکرێت، لە نموونەی سێیەمیشدا [کامەیان] بۆ پرسیارکردن لەو سیفەتە هاتووە/ کە منی پێی دەناسیتەوە، لە نموونەی چوارەمیشدا [کامە] پرسی پێ لە جۆری پێنوسەکە کراوە، کە تۆ هەتە.

- کوێ

وەک کەرەستەیەکی پرس بۆ پرسیارکردن لە شوێن بەکاردەهێنرێت (مارف،٢٠١٤ :٢٨١)، بۆ نموونە:

- کوێت ژان دەکات؟ - لەندەن پایەتەختی کوێیە؟

لە نموونەی یەکەمدا [کوێ] بۆ پرسیارکردن لەو شوێنە هاتووە کە ئازاری هەیە. هەروەها دووهەمجاریش بۆ پرسکردن لەو شوێنە هاتووە کە پایەتەختەکەی (لەندەن)ە.

. کەی

هەرچی وشەی پرسی [کەی]ە، ئەوا بە هۆیەوە پرسیار لە کاتی ڕوودانی ڕوداوێک دەکرێت (ئەمین،٢٠١٥: ١١٠)، واتە مەبەست لە بەکارهێنانی ئەم کەرەستەیە دەستکەوتنی زانیاری لەبارەی کاتەوەیە، وەک:

. کەی خانووەکەت فرۆشت؟ . کەی باران دەبارێت؟

لە ڕستەی یەکەمدا [کەی] بۆ پرسیارکردن لەوکاتە هاتووە کە خانووەکەی تێدا فرۆشراوە، لە دووەمیشدا بۆ پرسی ئەوکاتە هاتووە، کە (بارانی تێدا دەبارێت).

. کوانێ / کوا

هەریەکە لە [کوانێ] و [کوا]، کە هەمان واتایان هەیە بۆ پرسکردن لە شوێنی کەسێک یان شتێک دەکرێت واتە بۆ شوێن و جێگە بەکاردەهێنرێن، هەندێکجاریش بۆ دۆزینەوەی کەس یان شتێکی ونبوو بەکاردەهێنرێن (ساڵح،٢٠١٧: ٦٣)، بۆ نموونە:

. کوانێ کچی خوشکم؟ . کوا پەرتوکەکەم؟

لە یەکەمیاندا [کوانێ] بۆ پرسکردن لە شوێنی (کچی خوشکم) هاتووە، کە لە چاوی قسەکەردا ونبووە، لە دووەمیشدا (کوا) بۆ پرسکردن لە شوێنی ئەو شتە هاتووە، کە ونیکردووە، ئەویش (پەرتوکەکە)یە.

. چۆن

وەک فۆرم و کەرەستەیەکی پرس، بە گشتی پرسیاری پێ لە چۆنیەتی دەکرێت (ئەمین، ٢٠١٥: ١١٠)، واتە ئەوکەرەستە بە زۆری پرسی پێ لە چۆنیەتی ڕووداوێک یان کەسێک یان سیفەتی کەسێک دەکرێت، بۆ نموونە:

. پێشمەرگەی چۆنت خۆشدەوێت؟ . منداڵەکە چۆن خەوت؟

[چۆن] لە نموونەی یەکەمدا بۆ پرسیارکردن لە چۆنیەتی سیفەتی (پێشمەرگە) بەکارهاتووە، و لە دووەمیشدا بۆ پرسکردنی چۆنیەتی (خەوتنی منداڵەکە) بەکارهێنراوە.

. چەند

ئەم کەرەستەیەش بۆ پرسیارکردن لە چەندیەتی بەکاردەهێنرێت (ساڵح، ٢٠١٧: ٦٣) بە واتایەکی دیکە ((پرسیاری پێ لە ژمارە و میقدار ئەکرێ)) (ئەمین،٢٠١٥: ١١١)، هەروەک لەم نموونانەدا دەردەکەوێت:

. پارەت چەند پێیە؟ . چەندت ئاو خواردەوە؟

لە نموونەی یەکەمدا [چەند] بۆ پرسیارکردن لە چەندیەتی ئەو بڕە پارەیەی کەسەکە پێیەتی بەکارهێنراوە، لە نموونەکەی دیکەشدا بۆ پرسیارکردن لە بڕ و چەندیەتی ئەو ئاوەی کەسەکە خواردویەتیەوە بەکارهێنراوە.

### ١ . ١ ، ٤: تایبەتمەندییەکانی ڕستەی پرس

بە مەبەستی جیاکردنەوەی ڕستەی پرس و تێکەڵنەکردنی لەگەڵ جۆرەکانی دیکەی ڕستە، لێرەدا ئاماژە بە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئەم جۆرە ڕستەیە دەدرێت:

١. ئەم جۆرە ڕستەیە لە نووسیندا بە بێ نیشانەی پرس پێی ناگوترێت ڕستەی پرس، واتە ((نیشانەی پرسیارکردن (؟) لە کۆتایی ڕستەدا دادەنرێت)) (خۆشناو،٢٠١٢: ٣٢).

٢. لە ڕستەی پرسدا قسەکەر زانیاری نییە و ناتەواوی و کەلێنێک لە زانینەکانیدایە، بۆیە ((زانیاری لە مێشکی گوێگر (یا خوێنەر دایە) و دەگوێزرێتەوە بۆ مێشکی قسەکەر (یا نووسەر) )) (ڕەسوڵ، ٢٠١٤: ٤٩)، بۆ نموونە:

. قسەکەر: کێ بوو لە دەرگایدا؟ . گوێگر: ئازاد بوو لە دەرگایدا .

لەم ڕستەیەدا قسەکەر زانیاری لانییە لە بارەی ئەوکەسەی لە دەرگای داوە، بۆیە پرسیار دەکات.

٣. ((ڕستەی پرس لە زمانی کوردیدا بە دوو شێوە درووست دەکرێت)) (دزەیی، ٢٠١٤: ٢١٧) ئەو شێوانەش بریتین لە ڕستەی پرس بە هۆی کەرەستەی پرس و ئاوازەی ڕستەوە.

٤. ڕستەی پرس وەکو جۆرەکانی دیکەی ڕستە ((ڕاست و هەڵەی تێناکەوێ، واتە پرسیار هەر پرسیارە و قسەکەر ناتوانێت پرسیارێکی هەڵە بکات، چونکە خۆی زانیاریی دەربارەی شتەکە نییە)) (ڕەسوڵ،٢٠١٤ : ٥٠)، بەو واتایەی جۆرەکانی دیکەی ڕستە بواری هەڵەکردن و ناڕاستییان تێدایە، بەڵام ڕستەی پرس تەنیا بە ڕاستی دەربڕدرێت و بواری هەڵە کردنی تێدا نییە، بە نموونە:

. ڕستەی هەواڵی: هەنگوین تاڵە.

. ڕستەی پرسیاری: هەنگوین تاڵە؟

لە نموونەی یەکەمدا کە ڕستەیەکی هەواڵییە، بەڵام هەواڵێکی ناڕاست و هەڵەیە، چونکە لای هەموو کەسێک ئاشکرایە کە هەنگوین شیرینە، بەڵام لە نموونەی دووەمدا کە ڕستە پرسیارییەکەیە مەبەستی تەنیا پرسیارکردنە، چونکە ڕاستییەکەی لا ڕوون نییە، و دەیەوێت کە ڕاستییەکەی بۆ ڕوونببێتەوە.

٥. ڕستەی پرس پێچەوانەی ڕستەی هەواڵگەیاندنە، چونکە لە ڕستەی هەواڵگەیاندن زانیارییەک بە گوێگر دەگەیەنرێت، بەڵام لە ڕستەی پرسدا هەواڵ و زانیاری بە قسەکەر دەگەیەنرێت (مارف،٢٠١٤: ١٣٨) و گوێگر سەرچاوەی زانینەکەیە، بۆ نموونە:

. ڕستەی هەواڵی: باوکم چوو بۆ زەوی کێڵان.

. ڕستەی پرسیاری : کێ چوو بۆ زەوی کێڵان؟

لە نموونەی یەکەمدا کە ڕستەیەکی هەواڵییە هەواڵ و زانیارییەک بە گوێگر دەگەیەنرێت، بەڵام لە دووەمدا کە ڕستەیەکی پرسە قسەکەر داوای زانیاری و هەواڵ دەکات لە گوێگر، چونکە قسەکەر زانیاریی لە بارەی ئەوکەسەوە نییە، کە چووە بۆ زەوی کێڵان.

٦. تایبەتمەندییەکی دیکەی ڕستەی پرس ئەوەیە، کە ڕستەیەکە پێویستی بە وەڵام هەیە، جگە لە پرسیاری بە [ئایا]، کە ((بە شێوەیەکی سەرەکی لە پرسیاری وەڵام – بڕیاردردا بەکاردەهێنرێت، ڕستەی وەڵام بڕیاردەر ئەو ڕستانەن کە وەڵامیان بە یەکێک لە (بەڵێ / نەخێر) دەدرێتەوە)) (محوی، ٢٠١٠ :٤٤٨)، ئەگەرنا ڕستەکە بە هەر وشەیەکی پرسی دیکە پرسیاری تێدا کرابوو، ئەوا وەڵامەکەی پێویستی بە زیادتر لە وشە و ڕوونکردنەوەیەکە، هەروەک لەم نموونانەوە زۆرتر دەردەکەوێت:

- پرسیار: ئایا ئازاد کوژرا؟ وەڵام: (بەڵێ / نەخێر)
- پرسیار: میرزا لە کوێ کوژرا؟ وەڵام: میرزا لە خۆپیشاندانەکەی کفری کوژرا .

لە ڕستەی یەکەمدا بە ئامرازی [ئایا] پرسیار کراوە، و تەنیا پێویستی بە وەڵامی (بەڵێ / نەخێر) بووە، بەڵام لە ڕستەی دووەمدا کە بە [لە کوێ] پرسیارکراوە پێویستی بە ئەو شوێنەیە کە (میرزا) تێیدا کوژراوە.

٧. ئەم جۆری ڕستەیە جگە لەوەی کە بۆ پرسیارکردن بەکاردێت بۆ چەندین مەبەست و شێوازی دیکەی (لادراو و خواستراو) جگە لە پرسیارکردن بەکاردێت. (هەواڵگەیەن، فەرمان، نەهێشتن ، دڵخۆشکردن، ... تاد.).

٨. لە ڕووی ئاواز و چۆنیەتی دەربڕینەوە، ئاوازەی ئەم جۆرە ڕستەیە لە خوارەوە بۆ سەرەوەیە و دواتر دادەبەزێت(دزەیی، ٢٠١٣: ٢٦).

## ١.١.٥: توخمە پێکهێنەرەکانی ڕۆنان و دەربڕینی پرس

ڕۆنان و دەربڕینی ڕستەی پرس پێویستی بە چەند بنەمایەکە، و بە بێ بوونی هەریەکێکیان ڕستەکە ناتەواو دەردەچێت، یا ڕستەیەکی پرسی تەواوەتیمان بۆ دروستنابێت، بەو واتایەی هەر کاتێک ویسترا ئەو پرسیارەی کە لە مێشکدایە بگەیەنرێتە گوێگر پێویستی بە چەند مەرج و کەرەستەیەکی سەرەکی هەیە، کە دەبنە بنەما بۆ هەموو پرسیارێک، لێرەدا لە ڕووی سینتاکس و پراگماتیکەوە ئاماژەیان پێدەدرێت:

### ١.١.٥.١: پرسکەر

قسەکەر یا پرسیارکەر ئەو کەسەیە پێویستی بە زانینە، چونکە شتێکی تایبەت هەیە و نەزانراوە لای، دەیەوێت وەڵامی وەربگرێت، یانیش مەبەست و پەیامێکی هەیە و دەیەوێت لە ڕێگەی پرسەوە بیگەیەنێت بەپێی بارودۆخ و دەوروبەرە جیاوازەکان (ساڵح، ٢٠١٧ : ٢١)، بە واتایەکی دیکە پرسیارکەر، یان قسەکەر ئەو کەسەیە داوا لە گوێگر دەکات، کە زانیارییەک یا وەڵامێکی دروستی بداتەوە، یان داوای ئەوە لە گوێگر دەکات کە هەڵوێستی خۆی بەرانبەر بە بیری ڕستەکە ڕوونبکاتەوە (موکریانی، ١٩٨٦: ٦٢)، ئەمەش بە مەبەستی فێربوون، یا دڵنیابوونی خۆیەتی. بە شێوەیەکی گشتیش جێناوی (من، ئێمە) بەکاردەهێنرێت بۆ دەستنیشانکردنی کەسی قسەکەر، بۆ نموونە:

- هەموویت بە تەنیا خوارد؟

لە دەوروبەردا هاوبەشی و ناوکۆیی لە زانیاریی دونیای نیوان (قسەکەر و گوێگر)دا هەیە، و قسەکەر یەکەم کەسی تاکە، کە بە جێناوی [من] دیاری دەکرێت، بە واتای ئەوەی [من بە تۆ دەڵێم: هەموویت بە تەنیا خوارد؟] (مەحموود، ٢٠١٤: ٢٥).

١.١.٥.٢: پرسیارلێکراو

ئەمەیان گوێگرە، و ئەو پێویستییەی ڕستەی پرسە، کە ئامادەیە و پرسیاری لێدەکرێت، وا دادەنرێت کە زانیارییە نەزانراوەکەی لایە و سەرچاوەیە بۆ زانین (ساڵح،٢٠١٧: ٢١)، بەڵام دەبێت ئەو پرسیارەی، کە لە بارەی ڕووداو و دیاردە و شتێکی تایبەتەوە لێی دەکرێت، پێوەندیی بە پرسیارلێکراوەوە هەبێت، تا بە شێوەیەکی دروست وەڵامبداتەوە. بە گشتیش ئەم نیشانە پراگماتیکییە کەسییە، لە دوو شێوەدا دەردەکەوێت:

یەکەم: گوێگری ڕاستەوخۆ

ئەو کەسە کە لە کردەی پرسدا ڕووبەڕوو قسەی لەگەڵ دەکرێت، و پرسیارەکەی ڕاستەوخۆ ڕووبەڕوو دەکرێتەوە، بە یەکێک لە جێناوەکانی [تۆ ، ئێوە] دیاری دەکرێت، یاخود دەکرێت لە بری ئەم جێناوانە ناو بەکاربهێنرێت بۆ نواندنی گوێگر (مەحموود، ٢٠١٤: ٢٦)، بۆ نموونە:

- تۆ لە کوێ بوویت؟

لەم نموونەیەدا [من] پرسیار دەکات، گوێگریش جێناوی [تۆ]یە و ڕاستەوخۆ پرسیارەکەی ئاڕاستەکراوە، و لە دەوروبەری ئاخاوتنەکەدا بوونی هەیە، هەروەها دەشکرا لە بری [تۆ] ناوێکی تایبەت بەکاربهێنرێت.

دووەم: گوێگری ناڕاستەوخۆ

ئەو کەسەیە، بەشێک نییە لە ئاخاوتنەکە، بەڵکو گوێهەڵخەرە، بۆیە ئەو گوێگرەیە، کە لە ڕستەی پرسیدا ڕاستەوخۆ پرسیاری ڕووبەڕوو ناکرێتەوە، بەڵکو لە ڕێگەی کەسی بەرانبەر یا گوێگری ڕاستەوخۆوە پرسیارەکەی ئاڕاستەدەکرێت (مەحموود، ٢٠١٤: ٢٦)، بۆ نموونە:

- کاتێک دوو کەس لە نێو تەکسیدان، یەکێکیان لە هاوڕێیەکەی دەپرسێت:

- ترێ ئەم شۆفێرە بۆ ئەوەندە خێرایە؟

لەم ڕستەیەدا (شۆفێرەکە) دەبێتە گوێگری ناڕاستەوخۆ، لێرەدا لەبەر هەر هۆکارێک بێت پرسکەر نایەوێت ڕاستەوخۆ پرسیاری ئاڕاستەبکات، بۆیە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاگاداری دەکاتەوە، لە ڕێگەی (ترێ)ەوە، کە گوێگری ڕاستەوخۆیە، و شۆفێرەکەش دەبێتە ناڕاستەوخۆ (ساڵح، ٢٠١٧ : ٢٢).

### ١.١.٥.٣: پرس لەبارەوەکراو

ئەم پێویستییەی ڕستەی پرس تایبەتە بە ئەو زانیارییەی دەکرێت بەدەستبهێنرێت، یا بە ئەو زانینە دەگوترێت کە قسەکەر دەیەوێت ((لە بارەی خاڵێکی تایبەتیەوە لە گوێگری وەربگرێ)) (مارف،٢٠١٤: ١٣٩)، کەواتە بە ئەو وەڵامە دەگوترێت، کە پرسکەر (قسەکەر) چاوەڕێی بیستنی دەکات لە پرسلێکراو (گوێگر)ەوە، ئەو چاوەڕوانکردنەش زیادتر بۆ ئەو جۆرانەی ڕستەی پرسە، کە بە ڕستەی پرسی (گشتی، تایبەتی، هەڵبژاردن) ناودەبرێن، چونکە لەم جۆرانەی ڕستەی پرسدا، پرسکەر زیادتر تامەزرۆی وەرگرتنی زانیاری و وەڵامە لە گوێگر یان پرسلێکراوەوە (ساڵح ، ٢٠١٧ :٢٢ )، بۆ نموونە:

- پرسیاری گشتی: ئایا نەخۆشی کۆرۆنا چارەسەی هەیە؟ وەڵام: بەڵێ / نەخێر
- پرسیاری تایبەتی: کێ پێنووسەکەی بۆ هێنایت ؟ وەڵام: هاوناز

. پرسیاری هەڵبژاردن: چای دەخۆیتەوە یان قاوە ؟          وەڵام: چای دەخۆمەوە/ قاوە دەخۆمەوە.

لە کردەی پراگماتیکی ڕستەی پرسدا، پرسیارلەبارەکراو بە جێناوەکانی [ئەو ، ئەوان] دەردەبڕرێن، و هەردوو باری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی هەیە، دەکرێت بە پرسیارلێکراوی ئامادە و نائامادە ناوببرێن، بەم شێوەیە:

یەکەم: پرس لە بارەکراوی ئامادە

لێرەدا باس لە کەس و شت و بابەتێک دەکرێت، کە لە دەوروبەرەکەدا بوونی هەیە، و قسەکەر دەیەوێت زانینی لە بارەوە بەدەستبهێنێت، بۆ نموونە:

. ئەمە چەند ڕۆژە ئەم بارانە دەبارێت؟

لێرەدا قسەکەر پرسیارەکەی لە بارەی (ئەو بارانە)یە، کە لەو کاتەدا بوونی هەیە و دەبارێت.

دووەم: پرس لە بارەکراوی نائامادە

لێرەدا پرس لەبارەکراو، واتە ئەو شت و کەس و بابەتەی زانینی لە بارەوە کۆدەکرێتەوە، لە دەوروبەرەکەدا بوونی نییە، بەڵکو تەنیا قسەکەر و گوێگر بوونیان هەیە و لە نێوانیاندا ئاماژەی پێدەدرێت، بۆ نموونە:

. کچی پورەکەت (ئەو) بە کوێدا فریاکەوت قسەکە بگێڕێتەوە؟

کەسی نادیار یا پرسیارلێکراوی نائامادە (کچی پورەکەت)ە، کە بە هۆی ئەنجامگەیاندنی کردە پراگماتیکییەکە، یا بوونی زانیاریی هاوبەشە لە نێوان پرسیارکەر و پرسیارلێکراودا، کە هەردووکیان [ئەو] دەناسن، هەرچەندە وەک لایەنی فیزیکی ئامادەیی نییە، بەڵام لە نێو ئاخاوتنەکەدا دەبێتە بزوێنەر و مەبەستی کردەی ئاخاوتنەکە (مەحموود، ٢٠١٤: ٢٧).

## ٢.١: جۆر و شێوازی ڕستەی پرس لە زمانی کوردیدا

ئەم تەوەرە بۆ شیکردنەوەی جۆر و شێوازەکانی ڕستەی پرس لە رووی چۆنیەتیی دروستبوون و شێوازی ئاڕاستەکردنی پرس بۆ گوێگر و خوێنەر لەگەڵ مەبەستەکانی لە زمانی کوردیدا تەرخانکراوە، تێیدا هەوڵدراوە هەریەکە لە جۆرەکانی ڕستەی پرس: واتە ڕستەی پرسی دروستبوو بە هۆی کەرەستەی پرس و ئاواز و چۆنیەتیی دەربڕین لە قسەکردندا، هەروەها شێوازی پرس لە رووی فەرمیبوون و نافەرمیبوون، لەگەڵ جۆرەکانی بەپێی واتا و مەبەست بخرێنە بەر باس و توێژینەوە.

### ١.٢.١: جۆرەکانی ڕستەی پرس لە رووی دروستبوونەوە

بۆ بەرهەمهێنان و دروستکردنی ڕستەی پرس، شێوەیەکی دیار دوو ڕێگا هەیە، واتە قسەکەرانی هەر زمانێک بە دوو ڕێگا پرسیار لە کەسی گوێگر دەکەن، ئەوانیش:

#### ١.١.٢.١: بە هۆی کەرەستەی پرسەوە

ئەو جۆرەی ڕستەی پرس ((ئەو ڕستانە دەگرێتەوە، کە ئامرازی پرس بەشداری ڕۆنانی دەکات. ئەو ئامرازانەش بنەمایەکن بۆ جیاکردنەوەی ڕستەی پرسکردن)) (مارف، ٢٠١٤: ١٣٩)، کەواتە ئەو ڕستانە دەگرێتەوە، کە کەرەستە و ئامرازی پرس بەشدارە لە ڕۆنان و بەرهەمهێنانیدا، واتە یەکێک لەپێویستییەکانی بەرهەمهێنانی ئەم ڕستانە (کەرەستەی پرس)ە، بە جۆرێک قسەکەر کاتێک بیەوێت پرسیار لە گوێگر بکات ئەوا ئەو پرسیارەی دەیکات بە هۆی کەرەستەی پرسەوەیە. بە گوتەیەکی دیکە کەرەستەکانی، وەک [کێ، چی، چۆن، کەی، کوێ، کام ، ... تاد.] لە دروستەی ڕستەکاندا بەشدارن، کە زۆر کات لە سەرەتای ڕستە پرسەکاندا دەردەکەون، یان لەشوێنەکانی دیکەی ڕستەکاندا، هەروەها هەر کەرەستەیەکی پرس بەپێی دەرکەوتنی لە ڕستە پرسەکەدا و بابەتی پرسیارکردنەکە و بەکارهێنانی لەڕستەکەدا دەگۆڕێت (عەلی، ٢٠١٤ :١٤٣)، کەواتە مەرجی سەرەکی بۆ ئەم جۆرە ئەوەیە، کە لە دروستەی رووکەش و دەرەوەی ڕستەکەدا یەکێک لە کەرەستە پرسەکان هەبێت، کە ئەم کەرەستەش بڕیاردەدات پرسەکە لە بارەی چی و کێ و چەند و چۆن و...تاد. یەوەیە، بۆ نموونە:

. پرسیار:  کێ بە کێ دەڵێت برۆ؟

. وەڵام:   ئەو بە من دەڵێت برۆ.

لەم ڕستەیەدا کەرەستەی [کێ] دووجار هاتووە، لە سەرەتای ڕستەکەدا ئەرکی بکەر، و لە نێوەڕاستیشدا ئەرکی بەرکاری ناڕاستەوخۆی بینیوە، بەڵام ئەوەی شایانی ئاماژەپێکردنە ئەوەیە، کە ڕستەکە بەهۆی ئەم کەرەستەیەوە بووەتە پرس، و مەبەستێکی دیاریکراوی گەیاندووە.

#### ٢.١.٢.١: بە هۆی ئاوازە

ئەو ڕستە پرسەیە، کە بە هۆی ئاوازەوە دروستدەبێت، و ((هیچ ئامرازێکی پرسکردن لە نێو کەرتە پێکهێنەرەکانیدا بەرچاوناکەوێت و پێویستی بە ئامراز نییە)) (مارف، ٢٠١٤:١٣٨)، واتە بە هۆی گۆڕینی لەرەی ژێیە دەنگییەکان و چۆنیەتی لەرینەوەیان ئاوازی جیا بە ڕستە دەبەخشێت، هەر ئاوازەش واتایەکی جیا دەداتە ڕستەکە، بۆیە یەکێکی دیکە لە جۆرەکانی ڕستەی پرس لە رووی دروستبوونەوە بە هۆی (ئاوازی ڕستە)وەیە (دزەیی، ٢٠١٣: ٧٨)، کە بەهۆی قورسایی خستنەسەر کەرەستەکانی ڕستەوە دروستدەبێت، بە بێ ئەوەی هیچ کەرەستەیەکی پرس بەشداری تێدا کردبێت.

ئەمەش ئەوە دەردەخات ئاواز ئەرک و دەوری خۆی لە ڕێزماندا دەبینێت، هەروەها پەیوەندییەکی تەواوی لەگەڵ پێکهاتە سینتاکسی و واتاییەکانی ڕستەدا هەیە (عەلی،٢٠١٤: ١٥٥)، بۆ نموونە کاتێک قسەکەر ڕستەیەکی هەواڵی بە گوێگر دەگەیەنیت، بەڵام گوێگر هەمان ڕستە دەڵێتەوە بە ئاوازێکی جیا لەوەی پێشتر بە مەبەستی ڕاستی هەواڵەکە، ئاواز گۆڕینەکەی ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی پرسیارکردن، بۆنموونە:

. قسەکەر: ئامانج بە کەرکووکدا هات.

. گوێگر: ئامانج بە کەرکوودا هات؟

. قسەکەر: بەڵێ ئامانج.

لێرەدا گۆڕینی ئاواز، کاری لە جۆری ڕستەکان کردووە، و گۆڕیویەتی، چونکە کاتێک قسەکەر ڕستەکە بە یەک ئاواز دەردەبڕێت مەبەستی گەیاندنی هەواڵە، بەڵام کاتێک گوێگر ئاوازەی ڕستەکە دەگۆڕێت و قورسایی دەخاتە سەر (ئامانج) ڕستەکە بەم شێوەیەی لێدێت (کێ بە کەرکووکدا هات؟)، کەواتە تەنها بە هۆی ئاواز ڕستە هەواڵییەکە بووەتە پرس، و وای لە قسەکەر کردووە وەڵامیبداتەوەو بڵێت: (بەڵێ ئامانج) (خضر،٢٠١٥: ١٣).

### ١.٢.٢: جۆرەکانی ڕستەی پرس لە ڕووی ناوەڕۆکەوە

بەپێی ئەو واتا و مەبەستەی ڕستەی پرس هەیەتی، یاخود ئەو ئامانجەی ڕستەکەی بۆ بەکاردەهێنرێت، بە شێوەیەکی گشتی لە ڕووی ناوەڕۆکەوە بەسەر چەند جۆرێکدا دابەشدەبێت، کە هەریەکەیان بە تایبەتی و بنەمایەکی دیاریکراو لەوانی دیکە جیادەبێتەوە، بەم شێوەیە:

### ١.٢.٢.١: ڕستەی پرسی تایبەتی

ئەم جۆرە لە ڕستەی پرس، (( (پرسیاری تایبەتی) و (پرسیاری وشە)یشی.پێ دەوترێت)) (مارف، ٢٠١٤ : ١٣٩)، لەگەڵ پرسیاری زانیاری، چونکە مەبەستی قسەکەر لە بەکارهێنانی وەرگرتنی زانیارییە لە گوێگر، و بە هۆیەوە پرسیار لە بارەی یەکێک یا زیادتر لە کەرەستەکانی ڕستەوە دەکرێت (ساڵح، ٢٠١٧ : ٣٢ ـ ٣٣)) بە سەرنجدان و وردبوونەوە دەردەکەوێت، کە ((بەکارهێنانی ڕستەی پرسی تایبەتی لە ئاخاوتنی کوردیدا لە چەشنەکانی دی باوترە و زۆرتر بەرکاردێت)) (موکریانی،١٩٨٦ :٦٤) ئەمەش هۆیەکەی ئەوەیە، پرسکەر دەیەوێت زانیاریی تەواو لە بارەی پرس لەبارەکراوێکەوە وەربگرێت، دەبێت باوەڕیشی وابێت گوێگر زانیاریی تەواوی لایە دەربارەی ئەو بابەتەی پرسیاری لێدەکات (محمد،٢٠١٤ :٦٨)، لە تایبەتمەندییە دیارەکانی ئەم ڕستەیە ئەوەیە، کە ((بە بەڵێ یان بە نەخێر وەڵامنادرێتەوە، بەڵکو بە ڕستەیەک یان زیادتر وەڵام دەدرێتەوە)) (ساڵح، ٢٠١٧: ٣٢)، هەروەک لەم نموونانەدا دەردەکەوێت:

.پرسیاری١: چی دەخۆیت؟

.وەڵام١: هەنگوین دەخۆم. / هەنگوین.

.پرسیاری٢: سامان خانووەکەی بە کێ فرۆشت؟

.وەڵام٢: سامان خانووەکەی بە دارا فرۆشت.

لە ڕستەی یەکەمدا کەرەستەی پرسی [چی]، پرسیاری لە بارەی ئەو شتەوە کردووە، کە دەخورێت، واتە بەرکاری ڕستەکە، و لە وەڵامیشدا بە (بەڵێ) و (نەخێر) وەڵامنەدراوەتەوە، چونکە ئەم جۆرەی ڕستە پێویستی بە وەڵامێکی گونجاو هەیە، کە زانیاریی تەواو بە پرسیارکەر بدات. لە ڕستەی دووەمیشدا وشەی پرسی [کێ] لە نێوەڕاستی ڕستەکەدا، پرسیاری لە بارەی کەسێکەوە کردووە، کە بەرکاری ناڕاستەوخۆی ڕستەکەیە، و بە هەمان شێوە بە ڕستە وەڵامدراوەتەوە، نەک تاکە وشە.

### ١.٢.٢.٢: ڕستەی پرسی گشتی

یەکێکی دیکەیە لە جۆرەکانی ڕستەی پرس لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، و (( (پرسیاری گشتی) و (پرسیاری ڕستەی)یشی. پێ دەوترێ)) (مارف، ٢٠١٤: ١٣٨)، کە بە بەکارهێنانی هەریەکە لە کەرەستە پرسەکانی [ئایا] و [ئەرێ]، لەگەڵ گۆڕینی (ئاواز) دروستدەبێت، زۆرجاریش ئامراز لە ڕستەکەدا دەرناکەوێت یا لادەبرێت، واتە زۆرتر بە ئاواز پرسیارەکە درووست دەکرێت، و لە هەردوو بارەکەدا نیشانەی پرس لە کۆتایی دادەنرێت (ساڵح، ٢٠١٧ : ٢٨ ، ٣٠).

بە گشتی لە وەڵامدا ((گوێگر بڕیار لەسەر هەموو ڕستەکە دەدات بەوەی کە ڕەزامەندیی لەسەر بدات یان نارازی بێت لەسەری، بە گۆکردنی یەکێک لەم وشانە (ئا ، نە ، بەڵێ ، نەخێر ، نا ، با) بە تەنیا یان لەگەڵ دارشتنەوەی ڕستەکە و گوتنەوەی بە ئاوازی ڕستەی هەواڵگەیەن))( محمد، ٢٠١٤ :٦٩)، بۆ ڕوونکردنەوەی زیادتر ئەم نموونانە دەخرێنەڕوو:

.پرسیار: ئایا سبەی مووچە دابەشدەکرێت؟

.وەڵام١

أ. بەڵێ. / نەخێر.

ب. ئا سبەی دابەشدەکرێت. / نەخێر سبەی دابەشناکرێت.

پ. با سبەی مووچە دابەشدەکرێت. / نا سبەی مووچە دابەشناکرێت.

لێرەدا بە هۆی کەرەستەی [ئایا]وە پرسیارەکە دروستبووە، لە کۆتاییشدا نیشانەی پرس هەیە، بۆ وەڵامدانەوەش دەگونجێت بە سێ شێوە وەڵامبدرێتەوە، و هەر سێکیشیان یەک وەڵامن، بەڵام زۆرجار بە مەبەستی ئابووریکردن وەڵامی (أ) هەڵدەبژێردرێت، چونکە کورتترە لە وەڵامەکانی (ب) و (پ).

### ١.٢.٢.٣: ڕستەی پرسی هەڵبژاردن

ئەم جۆرە ڕستەیەکی لێکدراوە، کە بە شێوەیەکی گشتی ئەو ڕستانە دەگرێتەوە، کە بیرۆکەی یاخود کرداری یەکێک لە ڕستەکان لە شێوەی هەڵبژاردندا جێبەجێدەکرێت (quirk, 1973: 258)، بۆیە مەبەست لێی ئەو ڕستەیە، کە ((تێیدا دوو مەبەست یان دوو شت یان زیادتر دەگەیەنێت بوار بە دوێنراو دەدرێت کە یەکێکیان هەڵبژێرێت، بەهۆی ئامرازی لێکدەری (یان) درووست دەبێت)) (فەرهادی،٢٠١٣ :٤٩)، واتە پرسیارێک لە شێوەی هەڵبژاردندا ئاراستەی گوێگر یان دوێنراو دەکرێت، تاوەکو یەکێکیان هەڵبژێرێت، بە گوتەیەکی دیکە لە ڕستەیەکی لێکدراودا پرسیار لە هەڵبژاردنی شتێک لە نێوان دوو شتدا دەکرێت، و یەکیان هەڵدەبژێردرێت، تەنیا ئامرازی [یان]ش بۆ لێکدانی دوو ڕستەکە بەکاردەهێنرێت (شوانی، ٢٠١٤ :١٠٣).

سەبارەت بە چۆنیەتیی وەڵامدانەوەش، چونکە پرسکەر دوو هەڵبژاردن دەخاتە بەردەم گوێگر، ئەوا گوێگر زۆر جار یەکێک لە هەڵبژاردنەکان هەڵدەبژێرێت بۆ وەڵامی پرسیارەکە (ساڵح، ٢٠١٧ : ٣٥) بۆ نموونە:

.پرسیاری١ خەوتبووی یان بەخەبەربووی؟

.وەڵامی: أ. خەوتبووم. / ب. بەخەبەربووم.

لەم ڕستەیەدا، لە شێوەی هەڵبژاردندا دوو پرسیاری لە گوێگر کراوە لە بارەی (خەوتن) یا (بەخەبەربوون)، گوێگریش لە وەڵامدا یەک وەڵامدەداتەوە/ کە دەڵێت (بەخەبەربووم یان خەوتبووم)، چونکە تەنیا یەکێک لە کردارەکانی ئەنجامداوە.

### ١.٢.٢.٤: ڕستەی پرسی دڵنیایی

ئەم جۆرەی ڕستەی پرس ((واتای جەختکردن و دڵنیاکردنەوە دەگەیەنێت لە شێوەی پرسیار لە باری نەرێ، واتە مەبەستی ڕستەکە پێچەوانەی واتای ئەو ڕستە پرسیارییە دەگەیەنێت و لە باری ئەرێدا دەبێت)) (سالح، ٢٠١٧ : ٣٩)، واتە کاتێک دوو کەس بەیەکەوە قسەدەکەن یەکێکیان پرسیاردەکات ئەوەکەی دیکەیان لە وەڵامدا ڕستەیەکی پرس دەردەبڕێت، کە لەباری نەرێدایە، و مەبەستی دەرخستنی وەڵامێکە پێچەوانەی ڕستە پرسەکەیە و لە باری ئەرێشدایە بۆ گەیاندنی دڵنیایی بە پرسیارکەرەکە، ئەمەش زۆرجار بە بوونی وشەکانی (مەگەر) و (هیچ) دەبێت، کە هاتنیان جۆرێک لە جەختکردنەوە دەگەیەنێت، بە وەڵامەکە (خانلری، ١٣٩٢: ١١٠)، بۆ نموونە:

.پرسیاری١: کاتژمێرێکی جوانت کڕیٔ؟

.وەڵامی١: مەگەر تۆ لەگەڵم نەبوویت؟ [واتە: بە دڵنیاییەوە کڕیویەتی]

لەم پرسیارەدا قسەکەر پرسیاری لە بەرانبەر کردووە، لە بارەی ئەوەی (ئایا کاتژمێرێکی جوانی کڕیوە؟) بۆیە گوێگریش لە وەڵامدا بە ڕستەیەکی پرسی دڵنیایی وەڵامیداوەتەوە، و دەڵێت: (مەگەر تۆ لەگەڵم نەبوویت؟)، واتە: پرسکەر دڵنیادەکاتەوە، کە بەیەکەوە کاتژمێرەکەیان هەڵبژاردووە، ئیتر بۆ دەپرسیت.

### ١ . ٢ . ٢ . ٥: ڕستەی پرسی دەنگدانەوە

ئەو ڕستانە دەگرێتەوە، کە ((قسەکەر هەواڵێک ڕادەگەیەنێت یان پرسیارێک دەکات، گوێگر بەشێکی ئەو قسەیە یان هەمووی لە شێوەی پرسیارێک دووبارە دەکاتەوە)) (سالح، ٢٠١٧ : ٣٨)، بۆ نیشاندانی (سەرسوڕمان ، نارەزامەندی، یا ڕوونکردنەوەی هۆکاری قسەکە دەکرێت... تاد.)یە، بۆ نموونە:

.پەریسا تا ئێستا نەڕۆیشتووە بۆ هەولێر. .تا ئێستا نەڕۆیشتووە؟

مەبەست لە پرسیاری (تا ئێستا نەڕۆیشتووە؟) ئەوەیە، کە بۆچی تا ئێستا (پەریسا) نەڕۆیشتووە، دیارە هۆکارێک هەیە بۆ نەڕۆیشتنی لە کاتی خۆیدا.

### ١ . ٢ . ٣: شێوازەکانی ڕستەی پرس

ڕستەی پرس لەڕووی شێوازی ئاراستەکردنیشەوە، بەسەر دوو جۆردا دابەشدەبێت، ئەوانیش:

### ١ . ٢ . ٣ . ١: ڕستەی پرسی ڕاشکاویی

مەبەست لەو ڕستەیە، کە قسەکەر ڕاستەوخۆ پرسیار لە گوێگر دەکات، و هیچ دەربڕینێکی فەرمی و کەرەستەیەکی ڕێز لە ڕستەکەدا بوونی نییە، بۆیە ڕاشکاویی لێرەدا بە واتای _چاوقایمی، ئازاگۆیی، شەرمنەکردن) بەکاردەهێنرێت، و زۆرجار ئەو پرسیارە بۆ گەیاندنی کاریگەرییەک دەکرێت و چاوەڕوانی وەڵامی لێوەناکرێت، بۆ نموونە:

.بۆ من شێتم؟

قسەکەر لێرەدا شێوەی ڕاشکاویی هەڵبژاردووە، تا بڵێت: من شێت نیم! (میراودەلی، ٢٠٠٧ : ٢٩)، بە گوتەیەکی دیکە ئەم ڕستانە پرسی ئاساییین، کە دەکرێت لە هاوڕێ و ئەندامانی خێزان یا ئەو کەسانەی کە لێک نزیکن بپرسرێت، بە شێوازی ئاسایی یاخود نافەرمی (Espresso English, webpage)، بۆ نموونە:

.کاژێر چەندە؟

### ١ . ٢ . ٣ . ٢: ڕستەی پرسی مات

ئەم جۆرە لە ڕستەیە هەندێکجار بە پرسی ناڕاستەوخۆش ناودەبرێت، کە شێوەیەکی جیای وشە ڕیزکردن و دارشتن، یاخود لە دەربڕینی هەیە، زۆرجار بەشێکە لە ڕستەیەکی گەورەتر (میراودەلی، ٢٠٠٧ : ٢٨)، کە بە فرێزێکی تایبەت بە ڕێزلێنان لە نموونەی: [بە لاتەوە ئاساییە، دەتوانیت، دەکرێت، ...تاد] دەستپێدەکات، وەکو:

.دەکرێت پێم بڵێیت: کەی دوکانەکان دادەخرێن؟

(British council, webpage)

لە تایبەتمەندییەکانی ئەم ڕستەیە، ئەوەیە کە فەرمیترە، و ڕێزی زیادتری تێدا، بۆ پرسیارکردن لە ئەو کەسانەی باش نایانناسین، یا ئەوانەی پلەی ئیشکردن و کۆمەڵایەتییان بەرزە بەکاردێت، بۆ نموونە:

.دەتوانیت پێم بڵێیت: کاژێر چەندە؟

## بەشی دووەم

## شیکاری پراگماتیکییانەی ڕستەی پرس لە زمانی کوردیدا

لە پێناسە دیارەکانی پراگماتیک لێکدانەوەی واتای نێو دەوربەرە، یاخود مەبەستی قسەکەرە لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا(فەتتاح، ٢٠١١: ١٨٠) هەر ئەمەیە وایکردووە زمانەوانەکان کۆک و هاوڕابن لە بارەی ئەوەی پراگماتیک لە دەرەوەی ڕێزمانە و لەوە دەتوێژێتەوە، کە قسەکەر چۆن بە مەبەستەوە زمان بەکاردەهێنێت، زۆرجاریش ئەو مەبەستەی قسەکەر دەیەوێت بیگەیەنێت لە زانین و زانیاریيە زمانییەکانی نێو ڕستە و دەربڕاوەکاندا نین، بەڵکو مەبەستەکە یا بە هۆی دەوروبەرەوە دروست دەکرێت و دەردەبڕرێت، یان شێوازی خستنەتەکیەکەکانیان بە مەبەستەوەیە و واتایەکی شاراوەی تێدایە (ئەحمەد، ٢٠١٢، ٥٤)، و لەگەڵ فۆڕمی ڕستەکە یەکناگرێتەوە.

بەم شێوەیە دەردەکەوێت تەنیا لە ڕێی سیمانتیک و کەرەستە زمانییەکانەوە پرۆسەی لێکتێگەیشتن ڕوونادات، بەڵکو دەبێت جیاوازیی بکرێت لە نێوان هەڵوێستی گوتە و بار و فیچەرە جیاجیاکاندا، لەگەڵ هەڵاوێرکردنی ئەو فیچەرانەی، کە بە هۆکاری کۆمەڵایەتی و زمانەوانییەوە پەیوەستمان دەکەن بە بەرهەمهێنان و لێکدانەوەی گوتەوە، ئەمەش دەبێتە خاڵی پۆلکردنی زمان بۆ گوتەکان لە بوونە جیاجیاکاندا، بەرانبەر ئەو دەوروبەرانەی چەشنی ڕستە و گوتنەکان هەڵدەبژێرن و دیاریدەکەن (مەحموود، ٢٠١٤: ١١)، ئەمەش وادەکات دەربڕاو ((لە هەر دەوروبەرێکدا بێت ئەوا جۆرە واتایەک دەدات، دەوروبەر گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ لێکدانەوەی واتا)) (دزەیی، ٢٠٠٩: ٢٤)، تاکە ڕێگەیە واتای مەبەستمان بۆ ڕووندەکاتەوە، و (لاینز)یش لەم بارەوە

گوتویەتی: ((ئەو دەوروبەرەم بدەیێ کە وشە و دەربڕینەکەی تێدا بەکارهاتووە واتاکەت دەدەمێ)) (لاینز، ١٩٦٨: ٢٣)، لەم ڕووە ئەم بەشە بۆ توێژینەوەی پراگماتکییانەی ڕستەی پرس، تایبەت لە ڕوانگەی تیۆری کردەقسەییەکانەوە تەرخانکراوە.

## ٢.١: پوختەیەک لە بارەی تیۆری کردە قسەییەکانەوە

### ٢.١.١: تیۆری کردەقسەییەکان

دەمێکە گوتراوە پراگماتیک توێژینەوەیە لە چۆنیەتی و چیەتیی زۆرتر بەدەستهێنانی واتا لە کردەی گەیاندندا، کردەیی قسەییش دوای سەرهەڵدانی ڕێبازی ئەرکی سەریهەڵداوە، و ((بۆچوونێکە، کە قسەکردن بە ئەنجامدانی کارێک دادەنێت، کە لە باوەشی فەلسەفەی زماندا هاتەکایەوە. بیری سەرەکی ئەم بۆچوونەش دەگەڕێتەوە بۆ (فیگنیشتاین)، کە گوتنی بە کردار لە قەڵەم دەدا)) (صحراوی، ٢٠٠٥: ٢٤)، دیارە ئەمەش دوای ئەم بۆچوونە هاتەکایەوە کە بانگەشەی ئەوە دەکرا لێکدانەوەی ڕستە دەبێت دووربێت لە دەوروبەر، بەڵام لە بەرانبەردا ئەرکییەکان پێیانوایە ڕەگی زمان درێژدەبێتەوە بۆ ناو کۆمەڵ بە هەموو شێوەکانییەوە، و ناتوانرێت زمان لە کەلتور و دابونەریت دابڕێت، بەو واتایەی زمان لە ژێر کاریگەریی کۆمەڵدایە ئەمەش بە ئاشکرا لە شێوازی ئاخاوتنماندا دەردەکەوێت (عەلی و حەمەئەمین، ٢٠٠٧: ٤٣).

بۆیە تیۆری کردە قسەییەکان بایەخ بەو چوارچێوە کۆمەڵایەتییانە دەدات، کە گوتنەکانی تێدا ئەنجام دەدرێت. لەم ڕوانگەیەشەوە بۆ ئەوەی لە مەبەستی ئاخاوتنەکانمان تێبگەین پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ئەو بارودۆخ و چوارچێوە کۆمەڵایەتییەی گوتنەکەی تێدا ئەنجامدراوە (هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٤٧) لەم ڕووەوە (مالینۆفسکی) پێیوایە هەندێ قسە ئەرکی کۆمەڵایەتی جێبەجێ دەکات، چونکە زۆربەیان بۆ تێگەیشتن و زانیاری وەرگرتن نییە، وەک: چۆنیت؟ ، چاکیت؟ ، ڕۆژێکی خۆشە! (لاینز، ١٩٦٨: ٣٣)، لەم ڕوانگەیەوە دەکریت بگوترێت: هەموو ئاخاوتنێک دوو دیوی هەیە، ئەوانیش: دیوی ئاشکرا و شاراوەیە، بە بڕوای زۆرینەی زمانەوانان بە گشتی قسەکەر مەبەستی دیوە شاراوەکەیە، بۆ نموونە:

. ترێ لە ژوورەوە نوستووە.

لێرەدا دەکرێت ئەم ڕستەیە:

1) ئاگادارکردنەوە
2) دڵنیاکردنەوە
3) پرسیار
4) هەواڵ

کەواتە بۆ تێگەیشتن لە مەبەستی ڕاستەقینەی ئاخاوتنەکان پێویستە بۆنە و بارودۆخی نێوان قسەکەر لەبەرچاوبگیرێت، و تیۆری کردە قسەییەکان لەم ڕووەوە جەخت لە دوو بنەمای گرنگ دەکاتەوە:

یەکەم: هەموو گوتنیک بۆ ئەنجامدانی نیاز و مەبەستی قسەکەرە.

دووەم: وەسفی بارودۆخ یەکێکە لە ئەرکەکانی گوتن، بەڵام تاکە ئەرک نییە (فەتتاح، ٢٠١١: ٢٠٧).

### ٢.١.٢: کردەکانی گوتن

بە باوەڕی (ئۆستن)، کە خاوەنی تیۆرییەکەیە، دیاردە و دەربڕاوە زمانییەکان لە بنچینەدا کردەیی قسەیین، بۆیەشە بانگەشەی ئەوە دەکات بۆ توێژینەوە و لێکدانەوەی واتا پێویست بەوە دەکات لە سنووری لۆژیک بچینە دەرەوە (علی، ٢٠٠٤: ٣٤)، چونکە قسەکەر لە گوتندا سێ ئەرکی (کردە) ئەنجامدەدات:

یەکەم: کردەی گوتن و دەربڕین

کردەی دەربڕین و بەرهەمهێنانی ڕستەکە دەگرێتەوە، بە واتا و ئاماژەوە، یاخود ((لێکدانی وشەکانە بە شێوەیەکی ڕێزمانی و دیاریکردنی هاوبەشەکان و شێوەی گەڕاندنەوەی جێناوەکان کە دەچێتە سنووری واتاسازی و دەوەستێتە سەر مەرجی ڕاستی و پەیوەستە بە واتایەکی سنووردار)) (دزەیی، ٢٠١١: ٥٤)، بۆ نموونە:

. کچەکە زیرەکە. [دەبێت بزانین ئاماژەیە بۆ کێ؟ (تارا، سارا، شنۆ)].

دووەم: کردەی مەبەست

ئەو مەبەستە دیاریکراوەیە، کە قسەکەر دەیهەوێت بیگەیەنێت بە گوێگر (فەتتاح، ٢٠١١: ٢٠٨)، واتە مەبەست لە گوتن و بەرهەمهێنانی ئەم قسەیە چییە؟ هەڕەشەیە، ترسە، پێشوازی، پۆزشهێنانەوە، ... تاد.

سێیەم: کردەی پاشکار

مەبەست لە پاشکار ئەو کاریگەری و ئەنجامەیە، کە کار لە وەرگر دەکات، وەک: ڕازیبوون، جەختکردنەوە، ڕەتکردنەوە، ...تاد. (علی، ٢٠٠٤: ٣٤) واتە هێنانەدی ئەنجامێکە لە گوێگردا، چونکە ((واتای سەرزاری ڕستەکان وەسفین، بەڵام کە دەیخەینە دەوروبەر مەبەستی تر دەگەیەنێ و لەگەڵ واتا فەرهەنگییەکەی یەک ناگرنەوە و ڕاپەڕانی کار دەنوێنێت و قۆناغی جێبەجێکردنی مەبەستە، ئۆستن جەخت لە سەر ئەم کردەیە دەکات و بە واتای ناو دەوروبەری دادەنێت)) (دزەیی، ٢٠١١: ٥٥).

### ٢.١.٣: کەڵک و سوودی کردەقسەییەکان

ئەم تیۆرە دوای سەرهەڵدانی ڕێبازی ئەرکی سەریهەڵداوە، و ئەم کەڵکانەی هەیە:

١. لە پۆلێنی دێریندا، واتە پێش ڕێبازی ئەرکی زمان لە دەوروبەر دادەبڕا، و وەک تەنێکی بێگیان سەیردەکرا، بەڵام تیۆری کردەقسەییەکان زمان دەگێڕێتەوە بۆ چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکەی، واتە بۆنە و شێواز و کاتی قسەکردن لەبەرچاودەگیرێت، کە ئەمە لە پۆلکردنی دێریندا فەرامۆشکرابوو.

٢. بەپێی تیۆری کردەقسەییەکان تەمومژی واتایی نامێنێت، چونکە بە هۆی ئەو کاردانەوەی لە گوێگردا دەردەکەوێت مەبەستەکە ئاشکرادەبێت.

٣. بە هۆی تیۆری کردەقسەییەکانەوە ئەوە دەرکەوت ئاخاوتن دوو دیوی هەیە [ئاشکرا ، نائاشکرا (شاراوە)].(عەلی و حەمەئەمین، ٢٠٠٧: ٥٥ ـ ٥٦).

ئەم بەشە لەم بابەتە زۆرتر كار لە بارەی دیوە شاراوەكەی ڕستەی پرس دەكات، و هەوڵدەدات هەندێ لایەن و مەبەستی دیكەی پرس، جگە لە ئەركە ڕاستەقینەكەی خۆی بخاتە بەر باس.

### ٢ . ١ . ٤: جۆرەكانی كردەقسەییەكان

سەبارەت بە پۆلكردنی كردە قسەییەكان و جۆرەكان، دەبێت ئاماژە بە ئەوە بدرێت، كە هەریەک لە (ئۆستن) و (سێرڵ) تێڕوانینی جیایان بۆ پۆلكردنی كردەكان هەیە، بە جۆرێک (ئۆستن) هەریەک لە كردەكانی [حوكمدان، بڕیاردان، پەیماندان، ڕەوشت، ڕوونكردنەوە] دیاری دەكات، (سێرڵ)یش كردەكانی [نواندن، ڕێنماییكردن، پەیوەستبوون، ڕاگەیاندن و بڵاوكردنەوە، هەستدەربڕین]ی دیاریكردووە (بۆ زانیاریی زیادتر، بڕوانە: دزەیی، ٢٠١١: ٥٥ ـ ٥٧)، واتە زمانەوانان و توێژەران هاوڕا و هاوبۆچوون نین، لەم كارەدا لەسەر بنەمای ڕێككەوتی جۆری ڕستە و كردەكە دوو جۆر لە كردەیی قسەیی دەستنیشان دەكرێت، ئەوانیش:

### ٢ . ١ . ٤ . ١: كردەیی قسەیی ڕاستەوخۆ

لەم جۆرەدا مەبەست بە ڕاشكاوی و ڕاستەوخۆ دەردەبڕدرێت، واتە جۆری ڕستەكە و كردەقسەییەكە دەبێت ڕێككەوتنیان هەبێت، واتە ڕستەی پرس بۆ بە دەستخستنی زانین و زانیاری بێت، و ڕستەی هەواڵگەیەن زانین و زانیاری بگەیەنێت...تاد. واتە ((دەبێ ئەو واتایە بە شێوەیەكی ڕاستەوخۆ و بێ پێچ و پەنا بخرێتەڕوو و مەبەست بە ئاشكرایی و بە ویژدان و بە ڕێزەوە دەربڕدرێت، واتە چی سەرزاری گوتراوە هەر ئەوەش مەبەستە. جا جۆری ڕستەكە هەر چییەک بێت. تەنها ئەو مەبەستە دەگەیەنێت، كە بە ڕاشكاوی گوتراوە و لە چوارچێوەی ڕستەكە دەرناچێت)) (دزەیی، ٢٠٠٩: ٢٨ ـ ٢٩) بۆ نموونە:

ـ جوامێر ئۆتۆمبێلێكی هەرزانی كڕی.

مەبەستی ئەم ڕستەیە دەبێت تەنیا هەواڵدان بێت، نەک توانج و پلار و ...تاد. لە بەشی یەكەمی ئەم كارەدا چەندین لایەنی ڕستەی پرس لەم ڕووەوە نیشاندران.

### ٢ . ١ . ٤ . ٢: كردەیی قسەیی ناڕاستەوخۆ

دەربڕینەكان بە شێوەی شاراوە و ناڕاستەوخۆ دەردەبڕێن، مەبەست لە ناڕاستەوخۆیی و شاراوەیی ئەوەیە، كە جیاوازییەک لە نێوان جۆری ڕستەكە و كردە قسەییەكە دێتەئاراوە، واتە مەبەستی قسەكەر بە شێوەیەكی ناڕاستەوخۆ بە گوێگر دەگات (فەتتاح، ٢٠١١: ٢١١)، بە گوتەیەكی دیكە ئەو واتا شاراوەیە دەگرێتەوە كە لە پاڵ گوتنەكەدا دەكرێت و مەبەست بە شاراوەیی و ناڕاستەوخۆی دەخرێتەڕوو، و بەپێی دەوروبەر لە گۆڕاندایە، و مەبەست و گوتنی زارەكی یەكنەگرنەوە، جا لەبەر هەر هۆیەک بێت [ڕێزگرتن، ترس، شەرم، دڵنەڕەنجاندن، ... تاد.]. بۆ نموونە ئافرەت لە ژێر كاریگەریی ئەو بارە كۆمەڵایەتییەی تێیدا دەژیت هەرگیز نایەوێت بیری خۆی بە زەقی و ئازادی دەربڕێت، و خۆی بەرانبەر بە پیاو لێپرسراوبكات، بۆیە ئاستی سەرەوە و ژێرەوەی ڕستەكانیان وەكیەک نییە. بۆ نموونە:

ـ كاژێر چوار دێیت بە شوێنمدا بۆ ماڵی باوكم؟

ئەم ڕستەیە هەرچەندە زارەكی لە شێوەی پرسیارە، بەڵام لە كرۆكدا مەبەستێكی شاراوەی هەیە، كە داخوازی ئافرەتەكەیە و ئارەزوودەكات بە شوێنیدا بچێت و بیهێنێتەوە، دیاریكردنی (كاژێر چوار)یش هەر بۆ ئەو مەبەستەیە (دزەیی، ٢٠٠٩: ٢٩) یاخود لە ڕستەیەكی وەكو:

ـ قاپەكەت بەتاڵە؟

ئەگەر بۆ پرسیاربێت، ئەوا ڕاستەوخۆیە، ئەگەر بۆ موجامەلەكردنیش بێت دەبێتە ناڕاستەوخۆ، لەم ڕوانگەیەوە تەوەرەی دووەمی ئەم كارە تایبەت دەكرێت بۆ مەبەستەكانی دیكەی پرس، یاخود ئەو ڕستانەی لە فۆرمدا پرسن و لە كرۆكدا ئامانجی دیكەیان هەیە، ئەمەش لەسەر ئەو بنەمایەی پراگماتیک یا زیادتر بە مەبەستی شیكردنەوەی كەسەكانەوە خەریک دەبێت، نەک بە وشە یا ئەو دەستەواژانەوە كە بەكاریاندەهێنن، واتە تاوتوێكردنی مەبەستی قسەكەرە. ئەم جۆرە تاوتوێكردنەش بە ناچاری لێكدانەوەی مەبەستی تاكەكان لە دەورروبەرێكی تایبەتدا و هەروەها چۆنیەتی كاریگەریی ئەو دەوروبەرە لەسەر گوتەش دەگرێتەوە (یول، ٢٠١٦: ١٨).

### ٢.٢: ڕستەی پرس وەک كردەیی قسەیی ناڕاستەوخۆ

دەوروبەر خاڵی جیاكەرەوەیە لە نێوان سیمانتیک و پراگماتیكدا، و دەمێكە گوتراوە: واتای پراگماتیكی بریتییە لە [واتای سیمانتیكی + دەوروبەر]، دەوروبەریش لێرەدا فرەوانە، و هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە، كە پێوەندییان بە دەربڕینەوە هەیە، و كاریگەرییان لە سەر واتا هەیە، هەر دەربڕاوێكیش بە دەوروبەرەوە ببەسترێتەوە، ئەوا واتای كۆتایی نایەت (دزەیی، ٢٠١١: ٢٨ ـ ٢٩)، هەر ئەو دەوروبەرەش وایكردووە، كردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ زۆر بڵاوبێت، و بە دەگمەن ڕستەیەک هەڵدەكەوێت، كە نەتوانرێت وەک كردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ بەكاربهێنرێت (فەتتاح، ٢٠١١: ٢١٢)، لەم ڕووەیە، كە یەكێكی وەک (ڤیتگنشتاین) پێیوایە: دەبێت لە زمانەكەدا بە توانست و بە دەستەڵاتبیت، تاوەكو بتوانیت لە پەسنە هێماییەكان بگەیت (بالمر، ١٩٨١: ٣٠).

(یول) پێیوایە، واتای پراگماتیكی بریتییە لە مەبەستی قسەكەر (Yule, 2000, 35)، لەم ڕووەوە ڕستەی پرس بەپێی دەوروبەر، چەندین مەبەستی دیكە دەگەیەنێت، بە جۆرێک لە بەكارهێنانی زماندا ((قسەكەر لە مەوقیفە جۆراوجۆرەكانی ژیانی ڕۆژانەیدا زمان بەكاردەهێنێت، لەوە زیاتر مەبەستیەتی بە ڕاستی و بە كردەوە دەیەوێت بیڵێت، گوێگریش لەو واتا زیادانە دەگات)) (مەحوی، ٢٠٠٩: ٢١٠) ئەمەش دەچێتە نێو چوارچێوەی واتای پراگماتیكییەوە. بە گوتەیەكی دیكە ڕستەی پرسی ڕاستەوخۆ شێوازێكە بۆ وەرگرتنی زانیاریی پێشتر نەزانراو بەكاردێت، كە دەبێت دوو مەرجی سەرەكی تێدابێت، مەرجەكانیش:

یەكەم: پرسكەر مەبەستی فێربوون و دڵنیابوونی خۆی بێت لەو پرسیارەی دەیكات، ((چونكە چارەسەری نەزانین بریتییە لە پرسیاركردن و بەدواداچوون)) (ساڵح، ٢٠١٧: ٢٣).

دووەم: پرسیارەكە وەڵامی بووێت.

ئەگینا با ڕستەکە لە شێواز و فۆرمدا پرسبێت، بۆ واتای پرس بەکارنەهاتووە، و مەبەستی دیکەی هەیە، ئەو واتا پراگماتیکییەش خۆی لە کردەی قسەیی و لێکەوتەی ئاخاوتندا دەبێنێتەوە، چونکە پراگماتیک لە واتای ئەو دەربڕاوانە دەتوێژێتەوە، کە لە مەرجی ڕاستەقینەی ڕستەکانەوە بەرهەمنەهاتوون (Levinson, 1983: 11)، لێرەوە هەندێک لەم دەربڕاوانەی پرس دەخرێنەڕوو:

### ٢ . ٢ . ١: پرسیار بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاری

ڕستەی هەواڵگەیەن و پرس پێوەندییەکی بەهێز لە نێوانیاندایە، و لە یەک دەچن، چونکە هەردووکیان لە بارەی (زانین) هۆشەوەن، هەرچەندە ڕستەی هەواڵی دەربارەی ئەو زانینەیە، کە قسەکەر هەیەتی و ڕستەی پرسیش بە پێچەوانەوە، لە بارەی ئەو زانینەیە لای گوێگر و خوێنەر دەستدەکەوێت، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی هەردووکیان بە جووتێک دادەنرێن و یەکدی تەواودەکەن (فەتتاح، ٢٠١١: ٣٢)، هەر ئەم پێوەندییەش وایکردووە، کە هەندێکجار لە دەربڕاوی ناڕاستەوخۆی پرسدا، هەواڵ و زانین بگوازرێتەوە، نەک بەدەستبهێنرێت، بۆ نموونە:

. ئەدی داهاتی ناوخۆ زۆر نییە؟

. ئەی داهاتی ناوخۆ چی لێدێت؟

. کێ دەزانێت بەیانی چی دەبێت؟

کە یەکێک ئەم پرسیارانە ئاڕاستەی یەکێکی دیکە دەکات، بۆ خۆی ئەوە دەزانێت، کە: داهاتی ناوخۆ زۆرە! یا سەروەت و سامانی ئەم میللەتە چی بەسەردێت! بۆیە وەڵامی پرسیارەکەی ناوێتەوە، بەڵکو دەیەوێت زانیاری پێبدا. لە ڕستەی کۆتاییشدا کاتێک (مامۆستایەک) ئەم قسەیە دەکات مەبەستی وەرگرتنی زانیاری نییە، بەڵکو گەیاندنی هەواڵ یا ڕاستییەکە، هەروەها ((پرسیاری ڕۆژنامەنووسان لە دەستەڵاتدار، بۆ نمونە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا پرسیار لەسەر پرۆژە یان ئابوری وڵات دەکرێت و هاووڵاتیان ئاگاداردەبن)) (سالح، ٢٠١٧: ٢٣).

### ٢ . ٢ . ٢: پرسیار بۆ زانیاریدان بە گوێهەڵخەر

مەبەست لە گوێهەڵخەر، ئەو کەسەیە گوێی لە قسە دەبێت، بەڵام مافی بەشداریکردنی نییە، یاخود ئەو ئامانج نییە، بەو واتایەی ((جگە لە قسەکەر و گوێگر و کەسی نەبوو (ئامادە) هەندێکجار گوێهەڵخەریش دێتە ناو باری ئاخاوتنەوە، بەم پێیە گوێگری ڕاستەوخۆ و گوێگری ناڕاستەوخۆ دروست دەبێت، گوێهەڵخەر گوێی لە قسەیە، بەڵام قسەی ئەو نییە، بۆ نموونە:

. (دارا و کاوە) دوێنێ ئێوارە لە کوێ بوویت؟

کارەکە (جێناوی ڕێککەوتن) تاکە و بۆ یەکیان دەگەڕێتەوە و ئەوی تریان گوێهەڵخەرە)) (فەتتاح، ٢٠١١: ١٩٩).

لەم ڕووەشەوە ((پرسیارکردن هەر زانیاری وەرگرتن نییە، بەڵکو زانیاریش دەدات بە کەسانی دەوروبەر و گوێهەڵخەر، وەک:

. باوکت چاک بووەوە؟

ئەگەر ئەم ڕستەیە بە ئامادەبوونی کەسێک لە کەسێکی تر بکرێت و کەسەکەش نەیزانیبێت باوکی کەسەکەی تر نەخۆشە، ئەوا دەبێتە زانیاری گەیاندن بۆی)) (دزەیی، ٢٠١٣: ٢٦).

### ٢ . ٢ . ٣: پرسیار بۆ فەرمانکردن

فەرماندان و پرس، هەردووکیان کردەی داوان و ئاڕاستەی گوێگر دەکرێن، بەڵام ئەوەی لە ڕستەی فەرماندان گوێگر ((لەسەریەتی تەنیا کارەکە جێبەجێ بکات)) (خۆشناو، ٢٠١٢: ٣٤) یانیش نەیکات، واتە هیچ پێوەندیی بە زانیاری و ڕاستی و دروستییەوە نییە، هەربۆیە ڕستەیەکی وەک:

. ئێتر وازناهێنن؟

کە گەورەیەک ئەم پرسیارە ئاڕاستەی بچووکەکانی دەکات، بەپێی دەوروبەرەکەی دیارە مەبەستی وەرگرتنەوەی وەڵام نییە، بەڵکو مەبەستی فەرمانکردنە و دەیەوێت وازبهێنن.

### ٢ . ٢ . ٤: پرسیار بۆ داواکاری

کردەی داواکردن بە بوونی ڕێز و نەرمونیانی لە فەرماندان جیادەبێتەوە، بۆ نموونە:

. دەستت دەگاتە شەکرەکە؟

ئەم ڕستەیە لە شێوەی پرسیارێکی ناڕاستەوخۆیە و پلەی ڕێز تێیدا بەرزە، کەچی کاتێک دەگوترێت:

. شەکرەکەم بۆ بهێنە.

دەری دەخات، کە قسەکەر دەستەڵاتی بەسەر گوێگردا هەیە. هەروەها ڕستەیەکی وەک:

. پێم نەگوتیت: ئاگاداری خۆتبە؟

لە ڕووی فۆرم و ئاوازی دەربڕینەوە پرسیارە، بەڵام لە ڕاستیدا داواکارییە، و بۆ ((ئامۆژگاری و ئاگادارکردنەوە بەکاردێت)) (دزەیی، ٢٠١٣: ٧٨)، یاخود ڕستەکانی:

. بێزەحمەت قەڵەمێکت پێیە؟

. ناکرێت نەچین؟

لە شێوەی پرسیاردان، بەڵام مەبەستی یەکەمیان: واتە قەڵەمێکم بدەیە ، دووەمیش واتە: با نەچین.

### ٢ . ٢ . ٥: پرسیار بۆ ئاگادارکردنەوە

لە هەندێک دەوروبەردا پرسیارکەر، کە وتەیەک لەشێوەی پرسیار دەردەبڕێت، زیادتر مەبەستی ئاگادارکردنەوەیە و وەڵامی ناوێت، بۆ نموونە ژن و مێردێک بە ئۆتۆمبیلی خۆیان سەفەردەکەن و پیاوەکە ئۆتۆمبیلەکەی خێرا لێدەخوڕێت، ژنەکە کە دەڵێت:

-بەتەمای ئاوا بازۆیت؟

مەبەستی ئاگادارکرنەوەی هاوسەرەکەیەتی کە پێویستە بە شێوەیەکی لەسەرەخۆ ئۆتۆمبیلەکەی لێبخورێتن نەوەکو توشی ڕووداوی هاتوچۆ ببن.

### ٢.٢.٦: پرسیار بۆ شانازیکردن

شانازیکردن ڕوانگەیەکی تاکەکەسی هەیە، دەرخستنی بارێکی دیاریکراو یا شتێکی دیاریکراوە، کە تاک خۆی بەشداری لە بەرهەمهێنانیدا کردووە، کاتێک (نالی) دەڵێت:

شیعری خەلقی کەی دەگاتە شیعری من بۆ نازکی؟
کەی لە دیققەتدا پەتک دەعوا لەگەڵ هەودا دەکا؟

(دیوان، لا 107)

(نالی) خۆی شیعرەکانی خۆی دەناسێت، و هەمووکەسیش شتی خۆی پێ لە هی خەڵک باشترە، بۆیە هەرچەندە لە فۆڕمی پرسدایە، بەڵام وەڵامی ناوێت. یاخود:

.فیرعەون دەڵێت: ئەدی موڵکی میسر هی من نییە؟

(فیرعەون) خۆی دەزانێت، موڵکی میسر لە ژیانی دونیادا بۆتە هی ئەو، خەڵکیش ئەوە دەزانن، بۆیە وەڵامی ئەو پرسیارەی ناوێت، بەڵام بۆ شانازی بە شێوازی پرس قسەدەکات، و تازەی دەکاتەوە، کە: موڵکی میسر هی منە (مستەفا، ٢٠١٢: ٣٦).

### ٢.٢.٧: پرسیار بۆ دڵنیایی پێدان و نەهێشتنی گومان

پرسیارێکە لە بەرزەوە ئاڕاستەی نزم دەکرێت، بۆ نەهێکردن لە کارێک، کە پرسیارلێکراو دەیکات، بۆ نموونە: کاتێک خودای گەورە لە سوڕەتی (التوبە)دا دەفەرموێت: (أتخشونهم؟ واللە احق أن تخشوه...) واتاکەی: ئەوە لەوان دەترسن؟! ئەڵڵا شیاوترە بۆ ئەوەی لێی بترسن!... پرسیارەکە خودای گەورە ئاڕاستەی بەندەکانی کردووە، کەوابێت مەرجی ئەوەی لەدەستداوە چاوەڕوانی وەڵامبێت، چونکە خودای گەورە هیچ وەڵامێکی لێشاراوە نییە، بۆیە مەبەستی ئەم ڕستەیە نەهێشتنی ترسانی بەندەکانییەتی لە ستەمکاران، و تەنیا ئەڵڵا شیاوی لێترسانە (مستەفا، ٢٠١٢: ٣٧)، ئەم دەربڕینەش جۆرێک لە دڵنیایی بەخشیوە.

### ٢.٢.٨: پرسیار بۆ دڵخۆشکردن

کاتێک خودای گەورە لە ئایەتی (٦٠)ی سوڕەتی (الزمر)دا پرسیاردەکات: (الیس فی جهنم مثوی للمتكبرين) واتە: ئەدی باشە دۆزەخ شوێنی لوتبەرزەکان نییە؟! وەک گوترا: خودای گەورە وەڵامی هەموو پرسیارەکانی لایە، بەڵام بۆچی ئەو پرسیارە دەکات؟ بێگومان: بۆ ئەوەی دڵی ئیمانداران خۆشبکات و مۆژدەی ئەوەیان پێبدات، کە ئەوانەی خوانەناسن و ئازاری ئێوە دەدەن، ئەوا دڵنیابن سەرەنجامیان دۆزەخ و ماڵوێرانی هەتا هەتاییە (مستەفا، ٢٠١٢: ٣٧).

### ٢.٢.٩: پرسیار بۆ هەڕەشەکردن

لە نموونەی ئەم پرسیارانە، ئەوانەیە کە لە لایەن خودای گەورە ئاڕاستەی بەندەکان دەکرێت، یا لە دەستەڵاتدارێکەوە ئاڕاستەی میللەتەکەی... ئەمەش پرسیارێکە وەڵامی ناوێت و تەنیا هەڕەشەیەکە بۆ پرسیارلێکراوەکان: لە ئایەتی ژمارە (١٦)ی سوڕەتی (المرسلات)دا خودای گەورە دەفەرموێت: (الم نهلك ألأولين)، واتە: ئەدی ئێمە ئەوانەی پێشوومان لەنێونەبرد... دیارە بێگومان لەبەر گوناهەکانیان بووە، بۆیە ئێوەش بترسن و بیربکەنەوە!
یان کاتێک یەکێکە لە فەرماندەکانی هێزی پێشمەرگە دەڵێت:

.ئەی ئێمە نەبووین ڕژێمی بەعسمان لەنێوبرد؟

لێرەشدا قسەکەر پێویستی بە وەڵام نییە، بەڵکو تەنیا نیشاندانی هێز و دەستەڵاتە بۆ هەڕەشەکردن.

### ٢.٢.١٠: پرسیار بۆ ترساندن

ترساندن قۆناغێک ناسکترە لە هەڕەشەکردن، بۆ نموونە کاتێک مامۆستایەک بە خوێندکارەکانی دەڵێت:

.ئێوە لەبیرتان کردووە، ئەوانەی پێش ئێوە چەندیان کەوتن؟

ئەمەش پرسیارێکە وەڵامی ناوێت، واتە: ئەگەر ئێوەش وەک ئەوانەی پێش خۆتان بکەن، ئەوا وەک ئەوانتان لێ بەسەردێت، بۆیە بترسن و وامەکەن.

### ٢.٢.١١: پرسیار بۆ دوعاکردن

بە هۆی ئەوەی لە کردەی دوعاکردندا پایەی کۆمەڵایەتی نێوان قسەکەر و گوێگر زۆر لە یەکەوە دوورە، یاخود هەر بەراورد ناکرێت (عەلی و حەمەئەمین، ٢٠٠٧: ٥٠) بۆیە قسەکەر زۆرتر دەربڕینی ناڕاستەوخۆ بەکاردەهێنێت، چونکە یەکێک لە بارودۆخەکانی بەکارهێنانی کردەیی قسەیی ناڕاستەوخۆ وێل (احترام) نواندنە (فەتتاح، ٢٠١١: ٢١٢-٢١٣)، هەر بۆیە: کاتێک کەسێک، دەڵێت:

.خودایە گیان بە خراپەی ئەو خراپانەمان لەگەڵ دەکەی؟

ئەم پرسیارەش وەڵامی ناوێت، چونکە ڕوونە کە لە توانای کەسدا نییە پرسیار ئاڕاستەی خودابکات، بۆیە بە واتای دوعا دێت، واتە: خودایە بە خراپەی ئەو خراپانەمان لەگەڵ مەکە.

### ٢.٢.١٢: پرسیار بۆ جەختکردنەوە

ئەمەش پرسیارێکی زانراوە و پێویستی بە وەڵام نییە، بە جۆرێک کاتێک باسی کەسێک دەکرێت، و قسەکەر و گوێگر پێکەوە زانیاریی تەواویان لە بارەی ئەو کەسەوە هەیە، و یەکێکیان دەڵێت:

.تو خودا لەو باوەڕەدایت فلان ئاقڵ بێت؟

دیارە ئەم پرسیارە وەڵامی ناوێت، هەردوولا هاوڕان لەسەر ئەوەی کە فلان قەت ئاقڵ نابێت، بوونی وشەی (خودا)ش لە ڕستەکەدا جۆرێک لە جەختکردەوە و تۆخکردنەوەی بەدەربڕاوەکە داوە.

### ٢.٢.١٣: پرسیار بۆ گلەییکردن

ئەم جۆرەش لە پرسیار کاتێک بەکاردێت، کە قسەکەر بە تەواوی لە گوێگر و بارودۆخەکە ئاگاداربێت، واتە پێویستی بە زانین نییە لە بارەیەوە، بەڵکو مەبەستی کاریگەری دانانە لەسەری، بۆیە بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ پرسیارێکی ئاڕاستەدەکات، و دەڵێت:

.کاتی ئەوە نەهاتووە پیاوبیت؟

وەک گوترا مەبەست لێی: بەسە عەیبە، کاتی ئەوەیە بگۆڕێیت و ئاقڵبیت.

.چۆن وازت لەم کچە هێنا؟

لەم ڕستەیەشدا مەبەست دەستخستنی زانیاری نییە، بەڵکو کەسێکی دنیا دیدە و ئاقڵ ئاڕاستەی کەسێکی خوارەوەی دەکات، و گلەیی ئەوەی لێدەکات، کە کەسێکی باشی لەدەستداوە.

## ٢.٢.١٤: پرسیار بۆ بچووککردنەوە و گەورەکردن

.جا کوا چییان بەسەرهات؟

لێرەش ئامانج وەرگرتنی زانیاری نییە، بەڵکو مەبەست ئەوەیە: ئەوەی بەسەریان هاتووە شتێکی کەمە و بچووکە، و هیچ پێوەندییەکی بە وەڵام و وەرگرتنی زانینەوە نییە.

.ئای چ بەڵایەکیان بەسەرهات؟

مەبەست لەم پرسیارەش ئەوەیە: بە ڕاستی بەڵایەکی گەورەیان بەسەرهاتووە!

## ٢.٢.١٥: پرسیار بۆ دەربڕینی خۆزگە

لێرەدا کەسی قسەکەر، کەلێنێک لە زانینەکانیدا نییە، بەڵکو کار و داواکراوێکی دیاریکراوی هەیە، و بە شێوەی پرس ئاڕاستەی گوێگری دەکات، بۆ نموونە:

.تۆ بڵێیت ئەو کارەم بۆ بکات؟

ئەم دەربڕینە، پرسیار نییە بۆ دەستخستنی زانین، بەڵکو مەبەست ئەوەیە، بڵێ: خۆزگە ئەوەم بۆ بکات، واتە لێرەدا مەبەستی ڕستەکە خۆزگە و ئاواتێکە.

## ٢.٢.١٦: پرسیار بۆ ڕەتکردنەوە

ئەم ڕستەیە بۆ مەبەستی ڕەتکردنەوەی پرسیار لەبارەکراوەکەی بەکاردەهێنرێت، نەک بۆ ئەوەی پرسکەرەکە وەڵامی بووێت، و پێویستی بەو زانیارییەبێت (مستەفا، ٢٠١٢: ٤٠)، بۆ نموونە:

.جا یەکێ خراپ نەبێت؟ خراپەی بەسەردێت؟

ئەم پرسیارە بۆ ڕەتکردنەوەی پرسیار لەبارەکراوەکە بەکاردێت، واتە: مەبەست ئەوەیە بگوترێت: یەکێک خراپ نەبێت، مەحاڵە خراپەی بەسەربێت، یا هەر کەس خراپبێت دەبێت خراپەشی بەسەربێت.

## ٢.٢.١٧: پرسیار بۆ ناشیرینکردن و نارەزایی

.کەستان لەو بێویژدانتر نەدۆزییەوە؟

ئەم ڕستەیە کاتێک بەکاردەهێنرێت، پێویست بە وەڵام ناکات، واتە: ئەو زۆر بێویژدانە.

.ئەرێ کارەبا نەهاتەوە؟

دیارە هاتنەوەی کارەبا یاخود بوونی کارەبا شتێکی بەرهەستە و دەتوانرێت هەستی پێبکرێت، یاخود تاقیبکرێتەوە، بۆیە لێرەدا قسەکەر پێویستی بە وەڵام نییە، بەڵکو جۆرێک لە نارەزایی دەربڕیوە.

## ٢.٢.١٨: پرسیار بۆ دڵنیاکردنەوە و تاقیکردنەوە

ئەم جۆرە پرسە بۆ دڵنیاییکردنەوەی ڕاستی و دروستی ئەو زانینەیە، کە قسەکەر مەبەستیەتی لە کەسێکی دیاریکراوەوە دەستیبکەوێت، واتە ((پرسیارکردن زۆرجار بۆ تاقیکردنەوەیە، بۆ نموونە باوکێک لە کوڕەکەی کە دەشزانێت لە کوێ بووە، بەڵام دەیەوێت بزانێت ڕاست دەکات و ڕاستی پێدەڵێت یا نا، وەک:

.سۆران لە کوێ بووی؟)) (دزەیی، ٢٠١٣: ٢٦).

لێرەدا قسەکەر مەبەستی بەدەستهێنانی زانین نەبووە، بەڵکو دڵنیاکردنەوە لە زانینەکانی و تاقیکردنەوەی کوڕەکەی لە ڕووی ڕاستگۆییەوە بووە.

٢.٢.١٩: پرسیار بۆ جێخۆشکردن

زۆرجار پرسیار بۆ دروستکردن و پتەوکردنی پێوەندیی کۆمەڵایەتییە لە نێوان تاکەکاندا، لە وێنەی ئەو پرسیارانەی بۆ خۆنزیککردنەوە و پێشوازی بەکاردەهێنرێن، وەکو:

.چۆنیت؟ ماڵەوەتان چۆنن؟

.نافەرموویت؟

.نایەیتە ژوورەوە؟

بە سەرنجدانی ئەم نموونانە دەردەکەوێت، ئەگەرچی ((ئەم گوتنانە هەرچەند زۆربەیان لە شێوەی پرسیاردان، لە ڕاستیدا بۆ پرسیارکردن نایەن، بەڵکو قسەکەر بۆ ئەوە بەکاریان دێنێ، کە خۆی لە گوێگر نزیک بکاتەوە و شوێنی خۆی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بچەسپێنێ، بەڵگەمان بۆ ڕاستی ئەم باوەڕە ئەوەیە، کە لە یەکێک دەپرسین چۆنی؟ چاکی؟ بە تەمای ئەوە نین گوێگر لە وەڵامدا باسی نەخۆشی و ناخۆشی خۆیمان بۆ بکات، گوتنەکە تەنیا بۆ ئەمە پیشانی بدەین، کە گوێگر دەناسین و پەیوەندیمان لەگەڵیدا هەیە و هیچ ناکۆکییەک لە نێوانماندا نییە)) (فەتتاح، ٢٠١١: ٣٧)، (پاڵمەر)یش لەم بارەیەوە گوتویەتی: گرنگ ئەوە نییە، کە دەیڵێیت، بەڵکو گرنگ ئەوەیە بە چ مەبەست و واتایەک بەکاری دەهێنێت (بالمر، ١٩٨١: ٦).

## ئەنجامەکان

١. ڕستەی پرس لە توێژینەوە و نووسینە کوردییەکاندا وەک زۆر بابەتی دیکە چەندین زاراوەی بۆ بەکارهاتووە و لە گۆشە نیگای جیاوازەوە لێی توێژراوەتەوە و پێناسەی بۆکراوە، هەروەها بنەما و تایبەتمەندیی خۆشی هەیە، کە لە ڕێگەیەوە دەناسرێتەوە و لە ڕستەکانی دیکە جیادەکرێتەوە.

٢. بەگشتی دوو ڕێگەی سەرەکی لە بەرهەمهێنانی ڕستەی پرسدا بوونیان هەیە، ئەوانیش بەکارهێنانی ئاواز و کەرەستەی پرسە، و ئەم جۆرە ڕستەیە بەپێی ئەو مەبەستەی بۆی بەکاردێت چەندین جۆری هەیە، کە بریتین لە ڕستەی پرسی [تایبەت، گشتی، هەڵبژاردن، دڵنیایی، دەنگدانەوە]، هەروەها بەپێی شێواز و چۆنیەتی ئاراستەکردنیشی. لە هەردوو شێوەی مات و ڕاشکاویی دەردەکەوێت، کە هەریەکەیان تایبەتمەندی و شێوازی خۆی هەیە و لەوانی دیکەی جیادەکاتەوە.

٣. بنەمای سەرەکی لە دروستبوونی کردەی پرس نەبوونی زانیاری لای قسەکەر و پێویستی بەدەستخستنی زانیارییە، واتە تەواوکردن و پڕکردنەوەی ئەو زانینەی قسەکەر و پرسکەر لە بارەی بابەت و کەس و کات و شتێکی دیاریکراوەوە نایزانێت و لای ڕوون نییە.

٤. هەرچەندە مەبەستی سەرەکی لە پرسکردن و بەکارهێنانی دەستخستنی زانین و زانیارییە، بەڵام لەگەڵ ئەو مەبەستە سەرەکییەدا کۆمەڵێک مەبەستی لاوەکی بوونیان هەیە، لەوانە پێدانی زانیاری و ڕەتکردنەوە و داواکاری و جەختکردنەوە و ... تاد. واتە زۆرجار ڕستەیەک لە ڕووی فۆرمەوە پرسە، بەڵام لە ڕووی ناوەرۆکەوە مەبەست و ئامانجێکی دیکەی هەیە.

٥. ڕستەی پرس پێویستی بە وەڵامە، واتە کاتێک کەسێک ئەم ڕستەیە بەکاردەهێنێت، دەبێت وەڵامێکی دەستبکەوێت، واتە چارەسەری نەزانینی بۆ دیاردە و بابەت و کەسێک بکات، بەڵام هەر کاتێک ڕستەی پرس بۆ وەرگرتنی زانیاری بەکارنەهێنرێت، ئەوکاتە پێویستی بە وەڵامدانەوە نییە، ئەمەش بە کردە ناڕاستەوخۆیەکانی ڕستەی پرس دەناسرێن، کە دەچنە چوارچێوەی واتای پراگماتیکییەوە، و بە دەوروبەر لێکدەدرێنەوە.

٦. دەوربەر و جۆرەکانی کاریگەریی زۆریان لە گەیاندن و گۆڕین و دیاریکردنی مەبەستدا هەیە، هەروەها لە ڕێگەی بەکارهێنانی کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ دەکرێت ڕستەیەک لە فۆڕمدا پرس بێت، بەڵام لە ناوەرۆک و کرۆکیدا مەبەست و ئامانجی دیکەی هەبێت.

## سەرچاوەکان


1. ئەحمەد، بێستوون حەسەن (٢٠١٢)، *کۆمەڵە وشە پێکەوەهاتن لە زمانی کوردیدا*، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.
2. ئەمین، نوری عەلی (٢٠١٥)، ڕێزمانی کوردی، چاپی پێنجەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
3. حەمەئەمین ، خۆشناو عەزیز و ڕەشید، سەلام ڕەحیم )٢٠١٥(، ڕێزمانی جێناو لە کرمانجیی ناوەڕاستدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە (٧)، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، گۆڤاری زانستی زانکۆی گەرمیان، کەلار.
4. خضر، ڕێبین خالید (٢٠١٥)، *ئەرکی فۆنیمە ناکەرتییەکان لە ئاستی سیمانتیک و پراگماتیک*، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
5. خۆشناو، نەریمان عەبدوڵڵا (٢٠١٢)، *ڕستەسازی*، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
6. دزەیی، عەبدولواحید موشیر (٢٠٠٩)، *واتاسازی ـ چەند لێکۆڵینەوەیەکی سیمانتیکی و پراگماتیکییە*، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، هەولێر.
7. دزەیی، عەبدولواحید موشیر (٢٠١١)، *زانستی پراگماتیک*، چاپی یەکەم، چاپخانەی پاک، هەولێر.
8. دزەیی، عەبدولواحید موشیر (٢٠١٣)، *ڕستەسازی ڕۆنانکاری وگوێزانەوە*، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.
9. دزەیی، عەبدولواحید موشیر (٢٠١٤)، *ڕێزمانی کوردی*، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.
10. *دیوانی نالی* (1346)، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی: مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم، پێداچوونەوەی: محمدی مەلا کریم، چاپی دووەم، چاپخانەی سپهر، تهران.
11. ڕەسوڵ، عەبدوڵڵا حوسێن (٢٠١٤)، *پوختەیەکی وردی ڕستەسازی کوردی*، چاپی سێیەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
12. ساڵح، ئەژین ئیبراهیم (٢٠١٧)، *دروستەی ڕستەی پرسیار لە زمانی کوردی و فارسیدا*، لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، کەلار.
13. شوانی، ڕەفیق (٢٠١٤)، *وشەسازیی زمانی کوردی ـ لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری و پراکتیکییە*، دەزگای هەواڵ، چاپی دووەم، کۆمەڵگای چاپخانەی داودی، کەرکوک.
14. عەلی، بەکر عومەر و حەمەئەمین، شێرکۆ (٢٠٠٩)، *زار و شێوەزار*، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
15. عەلی، تاڵیب حوسێن (٢٠١٤)، *زانستی زمان و زمانی کوردی*، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
16. فەتتاح، محەممەد مەعروف (٢٠١١)، *زمانەوانی*، چاپی سێیەم، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
17. فەرهادی، ساجیدە عەبدوڵڵا (٢٠١٣)، *هەندێ لایەنی ڕستەسازی زمانی کوردی*، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
18. لیژنەی زمان و زانستەکان لە کۆڕی زانیاری (١٩٨٦)، *ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی*، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
19. مارف، ئەوڕەحمانی حاجی (٢٠١٤)، *فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی*، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
20. محمد، حمید ساڵح (٢٠١٤ )، *سینتاکس و سیمانتیکی جەختکردن لە زمانی کوردیدا*، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر.
21. مستەفا، ئیدریس عەبدوڵڵا (٢٠١٢)، *واقیعی زمانی کوردی لە نێوان پێوەرەکانی زمانی زیندوو و ئەو هۆکارانەی زمان دەمرێنن، لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی شیکارییە*، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٢٢)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
22. موکریانی، کوردستان (١٩٨٦)، *سینتاکسی ڕستەی سادە لە زمانی کوردیدا*، چاپی یەکەم، چاپخانەی دارالحریة للطباعة، بغداد.
23. مەحموود، ئاڤێستا کەمال (٢٠١٤)، *پراگماتیکی ڕستەی پرسیاری و فەرماندان لەزمان لەزمانی کوردیدا*، چاپی یەکەم، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
24. مەحوی، محەمەدی (٢٠٠٩)، *زانستی هێما هێما ـ واتا و واتا لێکدانەوە*، بەرگی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی زانکۆی سلێمانی، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی.
25. مەحوی، محەمەدی (٢٠١٠)، *بنەماکانی سینتاکسی کوردی*، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
26. میراودەلی، کەمال (٢٠٠٧)، *فەرهەنگی ڕێزمانی کوردی*، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
27. هەژار (١٣٦٩)، *هەنبانەبۆرینە* (فرهنگ کوردی ـ فارسی)، یک جلدی، چاپ اول، سروش، تهران.
28. یوڵ، جۆرج (٢٠١٦) *مەبەستناسی (پراگماتیک)*، وەرگێڕانی: ڕەحیم سورخی، چاپی یەکەم، ناوەندی توێژینەوەی ئەدەبیی عەبدولڕەحمان زەبیحی، چاپخانەی تاران، سلێمانی.
29. خانلری، پرویز ناتل (١٣٩٢)، *دستور زبان فارسی*، چاپ بیست و چهارم، چاپ حیدری، تهران.
30. بالمر، أف . أر (١٩٨١) *علم الدلالة*، ترجمة: الماشطة، مجيد عبدالحليم، الطبعة الاولى، مطبعة العمال المركزية، بغداد.
31. صحراوي، مسعود (٢٠٠٥)، *التداولية عند علماء العرب*، الطبعة الاولى، دارالطليعة للطباعة والنشر، بيروت.
32. علي، محمد محمد يونس (٢٠٠٤) *مقدمة في علمي الدلالة والتخاطب*، الطبعة الاولى، دارالكتب الجديدة المتحدة، **بنغازي**.
33. لاينز، جون (١٩٦٨)، *اللغة والمعنى والسياق*، ترجمة: عباس صادق عبدالوهاب، الطبعة الاولى، بغداد. British Council. (Undated). *Gramma: Understanding Indirect questions*. [Online]. Available from:
34. https://premierskillsenglish.britishcouncil.org/skills/listen/podcasts/understanding-grammar-indirect-questions?fbclid=IwAR1UN6LdZ20Ns8G4nLrRw7dxv4NZVTbXkrF_3hvLYFgbvtl2lDQBTRgexmw. Date accessed: 11 December, 2020.
35. Espresso English (Undated). *Direct and Indirect Questions in English*. [Online]. Available from:
36. https://www.espressoenglish.net/direct-and-indirect-questions-in-english/?fbclid=IwAR31RrB5txhO0jaBVtO7IS5IGsecTf5jzE4Z47lnyExQxNcebxwZlrTgC60. Date accessed: 11 December, 2020.
37. Levinson, S. C. (1983), *Pragmatics*, Cambridge: Cambridge University Press.
38. Huddleston, R. (1994*) The Contrast Between Interrogative and Questions. Linguistics*, 30, 411-439. [Online]. Available from:

39. https://www.jstor.org/stable/4176277?seq=1&fbclid=IwAR1NSbfu2Abc6jTSx95wOFYQ6rZMbvqqsicVNm_WMKHqyPAQY4niHDpOBL4#metadata_info_tab_contents. Date accessed: 11 December, 2020.
40. Quirk, R. (1973), *A University Grammar of English*, Longman, London Yule, G. (2000), *Pragmatics*, Oxford: Oxford University Press.